JILEMO

# گۆڤارێکی پاژێی هونەرییە

ژمارە(٩) ساڵی سێیەم پاییزی ١٩٩٩

سەروتار ل٢

شانۆ ترۆتسکی لەدوورخراوگە ل٤
سوورانەی سەردەم ل٢٧

تەنز چەك و قەڵەم ل٣٢
بەخیلی بەخیلان ل٣٥

هۆنراوە و پەخشان ل٣٧
دڵنیایی
هاژە
هۆ خوشکێ گیان
هەستانەوە
چرپەی مەرگ
سۆزانی نەزم
گەردەلوولی ئاشتی
بەخت

وتار مەزهەب، هونەرو مارکسیزم ل٤٤

وتار بریخت لە ڕۆڵی دەرهێنەردا ل٥٥

وتار زمانی خاراو، هونەری پاراو ل٦٦

گاڵتەوگەپ ل٧١

سەرگەرمی خشتەك ل٧٤

تایپ و مۆنتاژ
ئۆژین ئەحمەد

ناونیشانی پۆستی: JILEMO
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەکترۆنی:
jilemo@hotmail.co
ئینتیرنێت :
http://www.jilemo.cjb.net

# ئــــــلوڕدانەوەیەك

من ژیلەمۆم ئەوژیلەمۆی — باش هەزاران ئاو لیێژان
دیسانەوە تین دەهاویم — ئەیلیێمەوە گۆرانی ژیان

بۆ ئەوەی هەردەم گۆرانی ژیان بڵێین، بۆ ئەوەی خەمو پەژارەی گلانەکانی ڕابووردوومان نەبێتە مۆتەکەی سەر دڵمانو، نائومێدی چۆکمان پێدانەداو، بەهۆیەك لەگەڵ هاوئازارەکانماندا پەیوەند بگرینەوە، سێ ساڵ لەمەوبەر لەنابەسامانی ژیانو بارێکی دژواری دەروونیو لەدەوروبەرێکی نوێدا، دەستبەکاری پرۆژەیەك بووین کەئەم گۆڤارە ساواو بینازەی لێ هاتە بەرهەم.

کاتێك دەستبەکار بووین، زۆرێك پاشقوڵیان لێدەگرتینو ماری تۆپیویان دەخستە بەرپێمان، هێندێکیش پڕ بە ئارەزووە تاساوەکانیان ئامێزیان بۆ ژیلەمۆی کۆرپەلە کردەوەو لەگشت بوارێکەوە ئامادەییان دەربڕی.

هێندێك کە ڕێنووسو شێوەئاخاوتنی ژیلەمۆ ئاشنا نەبوونو لەگۆشەیەکیتری ئەم تۆپەخرەی ژێرپێمانەوە هاتبوون، لەڕۆژانی تەنگانەدا بۆیان تایپ کردین، زۆریش کە بەهەمان ڕێنووسی ژیلەمۆ دەیان نووسیو دەپەیڤین، کردیانە سفرەی سەر مێزی خواردنەوەیان.

ئەم ڕۆژە دژوارانە هەنگاوەکانیان هێواش نەکردینەوەو، تووشی دوڕدامانیان نەکردین. چونکە ژیلەمۆ ساوایەکی فرە بزێوو بە پرسیارە لەدونیای دەوروبەریو سەرکیشە لەیاساو ڕێسا باوەکان.

خۆمان گرت و هاتین، وەك ڕێبوارێکی ماندوو نەناس ملی ڕێگەی پڕ هاتو نەهاتمان گرتەبەر، زۆر کەس بوونە هاوسەفەرمانو، هێندێکیش گەڕانەوە، لەقاقڕی سەرمایە سەراب بردنیو وون بوون لەبەر چاوان. لەناو لوورەو واقو هوڕی جەنگەڵستاندا زارمان پڕاو، لەدوکەڵو تۆزی کارگەو کورەکاندا گەورە بووین، ئاوەزمان کرایەوە. بۆ بەلام بەسۆزو میهرەبانی ( هاوچینو هاودەردە بێ ئایینو، بێ نەتەوەو، بێ نیشتمانو، بێ ڕەگەزە کۆیلە )کانمان گۆش کراین.

زۆر گلاینو هەستاینەوە، زۆر شەوی ئەنگوستەچاومان بەڕۆژ کرد، بەدڵسۆزی و بەتەنگەوە هاتنی ئێوەی هاودەرد. بێگومان ئەمە سەرەتای کارەو دەبێت شێلگیرانەترو خاراوتر کاربکەین، تاوەکو بتوانین وەڵام بە پێداویستییەکانی هونەرو ئەدەبی کۆمۆنیستی وەك سەنگەرێکی شۆڕشگێڕانەو چەکێکی پرۆلیتێری ئەم سەردەمەی خەباتی چینایەتی بەشمەینەتانی کۆمەڵگەی مرۆیی بۆ هەڵگێڕانەوەی سیستەمی کۆیلەتی مرۆڤ و بنیاتنانەوەی کۆمۆنەی هاوچەرخ. گەیشتن بەم ئامانجەش لەگرەوی هاتنە مەیدان و هاوکاری هەمەلایەنەی ئێوەی هاوخواست و هاودەردە.

**ژیلەمۆ پاییزی ١٩٩٩**

## داخوازی:

**شانۆیی،، ترۆتسکی لەدوورخراوگە ،، ، تەنیا بریتی نییە لە گێڕانەوەی بیروباوەڕو کردەوەکانی لیئۆن ترۆتسکی، بەڵکو قۆناخی یەکەمی شۆڕش بەسەر ئیمپراتۆریەتی کەیسەریدا لە یەکێتی سۆڤیەتدا بەهەموو لایەنە باش و خراپەکانییەوە دەگرێتەخۆی.**

**هەروەها شارەزاییو پاپەندی نووسەری شانۆییەکەو خاوەنی بەرهەمی بەناوبانگ ،، مارا ساد ،، لە خستنەڕووی بابەتیانەو پوختی مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە چوارچێوە گشتییەکەیداو بە شێوەکارێکی دوور لە شێوەی ووتاردان و گێڕانەوەی سەرزارەکییانە.**

**کەم شانۆیی بەتەواوی ژیانی بزووتنەوەیەکی مێژوویی دەگرێتەخۆی وەك ئەم شانۆییە کە بە ساکاری بچێتە هۆشی گشت کەسێکەوە، بەبێ دەستبەرداربوونی فراوانیو هەمەلایەنیو بەبێ پشتگوێ خستنی خواستەکانی کاری شانۆیی.**

**،،ترۆتسکی لەدوورخراوگە،، نووسینی پیتەر ڤایز و ،، انصوان فرزلی ،، وەریگێڕاوەتەسەر زمانی عەرەبی و،، ئاپە ،، ش وەریگێڕاوەتە سەر کوردی.**

**وەرگێڕانی شانۆنامەیەکی وەها کارێکی ساناو بێ دەردیسەر نییە، شارەزاییو لێهاتوویيو ئەزموونی گەرەکە. ئەم وەرگێڕانە یەکەم ئەزموونی وەرگێڕە بەتایبەت لە بواری زمانی عەرەبیدا. بڵاوکردنەوەی لەشێوەی زنجیرەیی لە ژیلەمۆدا هەرلەبەر ئەم هۆیەو لەسەر خواستی وەرگێڕ بەو هیوایەی کە خوێنەرانی پڕ سەرنج هەڵەو کەموکوڕییەکان نەبوێرن و بەنیازی ئامادەکردنی بۆ چاپ لەشێوەی پەڕتووکۆکەیەکی گیرفانی دەستی هاوکاری نەگێڕنە دواوەو، وەرگێڕ لەئەزموونەکانتان بەهرەمەند بکەن.**

**دوا ووشە کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە، مەبەست لەوەرگێڕانی ئەم شانۆییە، ئاشناکردنی خوێنەرانی کوردزبان بە ژیانی سەرانی پارتەکە نییە، بەڵکو لەبەر ناوەڕۆکی شانۆیەکەیە کە نووسەریش بەخاتری هێنانەوەی ڕووداو و کارەسات و خاڵە گەش و لاوازەکانی یەکێك لە ئەزموونەکانی خەباتی چینایەتیمان کە شۆڕشی ئۆکتۆبەرە، کە تاوەکو ئێستاکەش زۆر لایەنی ڕووداو کارەساتەکان، هۆکارەکانی تێکشانی ئەم ئەزموونە، بۆ نەوەی نوێ ناڕۆشن ماونەتەوە. ژیان و بەسەرهاتەکانی ترۆتسکی لەو ماوەیەدا کە ئەم کارە هونەرییە دەیگرێتەخۆی باشترین دەزوو بووە بۆ هێنانەوەی بابەتەکان.**

**وە دواجار پێشکەشە بەوکەسانەی کە لە پێناو ڕزگاری مرۆڤایەتیو بنیاتنانی کۆمۆنەدا گیانیان بەختکردووە هەرلەڕا پەڕینی کۆیلەکانەوە تاوەکو ئەوڕۆ، وە پێشکەشە بەوانەش کە بەتێڕوانینێکی ماتریالیستانەو ڕەخنەگرانەوە سەرنج دەدەنە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنەخوازی.**

# ترۆتسکی لە دوورخراوگە

نووسینی : پیتەرڤایز

وەرگێڕان: ئـاپـە

لیئۆن داڤیدوڤیچ ترۆتسکی
ئەلیکساندرا، هاوسەری یەکەمی
زینایدا ڤولکۆڤ ، کچەکەی
ناتالیا ، "هاوسەری" دووەمی
لیئۆن سیدۆڤ
سێرگی سیدۆڤ کوڕەکانی
ڤلادیمێر ئیلیچ لینین
نادزدا کروبسکایا ، هاورسەری
سیرمۆکس سکرتێرەکانی ترۆتسکی
بۆزنانسکی لە یەکیتی سۆڤیەت دا.
راکۆڤسکی هاوەلانی ترۆتسکیو
مراچکۆفسکی ئەندامانی بەرگری رۆژانی
سەمیرنۆف دوورخرانەوەی سالی ١٩٣٧.

دزرزینسکی برادەرانی ترۆتسکی لەزینداندا
میخایسکی ماوەی دوورخرانەوەی یەکەم
لۆزین لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا.
پلخانۆڤ بڕۆکسل نهێنی سالی١٩٠٢.
ئیکسلرود دامەزرێنەرانی پارت،
دویچ بەشداری‌یان لە کۆنگرەی
ڤیرا زاسۆلیك نهێنی بروکسلی١٩٠٢دا کرد.
ئیرکادی کرێمەر
ئەکیمۆڤ لە کۆنگرەی ١٩٠٣ی
مارتینۆڤ برۆکسل‌دابەشداری‌یان کرد.
ڕوزانۆڤ
مارتوڤ
بارڤۆس هاوەلی ترۆتسکی لە پایەریژی
شوڕشی بەردەوامدا
ئۆتۆ کاتۆن سەرکردەیەکی کرێکاری
لەشۆڕشی ١٩٠٥دا.
ئیلکۆنت ویتی ، یەکێ لە شالیارەکانی تزار
ئیمی هانینگز
هیگۆ بال

تریستان تزارا دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی
مارسیل جانکۆ دادائی، زوریخ ١٩١٥ ١٩١٦
ریچارد هیۆلسنبیك
ئانا بلوم
ڕادیك
خامینیف
سەفیردلۆڤ
ئەنتۆنۆڤ بۆلشەڤی بوون
ریکۆڤ
زینۆڤیف
بیاتاکۆڤ
بوخارین
ستالین
کینچۆك
ئیبراموڤیچ لە کۆنفرەی گشتی روسیەدا،
کۆچین ئۆکتۆبری ١٩١٧ بەشداری‌یان کرد.
پیتەرسون
ئیلیکساندرا کۆلۆنتای نوێنەرانی ئۆپزسیۆنی
شلیابنیکۆف کریکاری
بلومکین ، کۆنە سۆشیالیستی شۆڕشگێر، دواتر
پەیوەستبووبە بۆلشەڤیکەکانەوە،
لایەنگری ترۆتسکی بوو.
دکتۆری نەرویژی
جیگری گشتی دادگاکانی مۆسکۆ
زافۆنۆفا شاهیدیك لەدادگاکانی موسکۆدا
سالازار سەرۆکی پولیسی نهێنی لەمەکسیك
ئالفرێد رۆسمەر
جۆزیف هانسن هاوەلان و ناسیاوانی
هارۆلد رۆبسن ترۆتسکی لە مەکسیك
سیلیڤیا ئیگلوف
دییگۆ ریفیرا وینەکێشی مەکسیکی
ئەندرییە بریتۆن شاعیری سوریالی ،
لەسەردانیکدا بو مەکسیك.

فرانك جاكسۆن

بیّجگە لەمانە : زیندانیان ، لیژنەی دادگایی ، خویّندكاران، كارگەران ،سەربازان و دەریاوانان هتد..

## "بەشی یەكەم

دیمەنی سەرەكی زووریّكی ئاسایی. میّزیّكی نووسین كە لاپەڕەوپەرتووك داپیۆشیوە. چرپایەكی بچووكی گواستنەوە. باهۆلّ و جانتاو چەندكورسی كە لەیەكەوە دوورن.

ترۆتسكی لای میّزی نووسینەكە دانیشتووە پیّنووسیّك بەدەستی‌یەوە و دەست نووسەكەی دەخویّنیّتەوە. ئەم بەشە لەماوەی شانۆیی‌یەكەدا لەزۆر بابەتدا دووبارە دەبیّتەوە، هەروەها لەگەلّ كۆتایی شانۆیی‌یەكەشدا دەگونجیّت.

هەمان دیمەن لەسەردەمە جیا جیاكانی ژیانی ترۆتسكی‌دا وەبەرچاو دەكەویّت: سەردەمەكانی دوورخرانەوە، كۆبوونەوەكان،لیّدوان‌ومشتومڕی‌یەكاندا لەگەلّ سەرۆكە پایەبەرزەكانی شۆڕش‌دا.

شانۆیی‌یەكە بەكۆتایی‌یەكەی دەست پیّدەكات، كە ترۆتسكی جیّنشینەو، لەدەست دابڕان دەنالّیّنیّ، واتە كەمیّك پیّش مردن.

### ١ دوورخرانەوە:

ترۆتسكی سەرنجی لەسەر كاخەزەكانی لادەدات. ناتالیا، لیۆن سیدۆف، سیّرگی سیدۆف، زینایدا، فۆل كۆف، سیرمۆكس، بۆزنانسكی، سەمیرنۆف، مراچكۆفسكی، ڕاكۆفسكی دیّنە ژوورەوە.

### ڕاكۆڤسكی :

لەویّستگەی شەمەندەفەری كازان بووم. جەماوەریّكی زۆر لەویّندەریّ كۆبوونەتەوە. زۆربەیان لاون. خۆپیشاندان. دروشم كیّشان بژی ترۆتسكی. ویّنەیەكی گەورەی تۆم بینی بەشەمەندەفەریّكەوە هەلّواسرابوو. لەگەلّ سەربازان پیّكدادن ڕوویدا، هەندیّك بریندار بوون‌و ئەوانی‌تر دەستگیركران. بیستم ناتبەن بۆ ویّستگەی كازان بەلّكو بۆ ویّستگەی یاروسلاڤ دەتبەن. پیاوەكانی بوخارین لەویّندەریّ پاسەوانی دەكەن.

**ترۆتسکی** :

ڕاکۆفسکی دەرگاکان داخراون ؟

**ڕاکۆڤسکی** :

بە شەوژەن توند داخراوون. پێشتر چوونە دەرەوە.

( لەم کاتەدا ئەوانیتر خەریکن باهۆڵو جانتاکان ئامادە دەکەن.

**سێرمۆکس**:

بەرەو مێزەکە دەچێت و دادەنیشێت، ئامادەیە بۆ نووسین ).

**ترۆتسکی** :

نووسینگەی سیاسی هەوڵدەدەن وەك کەسێك کەخۆی دوورخرانەوەی هەڵبژاردبێت وەها نیشانم بدەن. ئائەمە بەخەڵك دەڵێن. پێویستە پەردە لەڕووی ئەم درۆو دەلەسەیە ڕامالْدرێتو ڕاستی مەسەلەکان بخرێتە ڕوو کە بە هیچ شێوەیەك بوار بۆ شاردنەوەو شێواندنی نەهێڵێنەوە. دوژمن بە بەکارهێنانی توندوتیژی ناچار بکەین.

**زینایدا** :

هەمووان لەهۆڵەکەدان. ئەوەتان بە پێپلیکانەکاندا سەردەکەون.

( ترۆتسکی ڕادەوەستێت )

**ترۆتسکی** :

سیرمۆکس ئەوڕۆ چەندی مانگی یە ؟

**سێرمۆکس**:

شازدەی یانیوەری هەزارو نۆسەدو بیستو هەشتە.

( سیرمۆکس دەست لەنووسین هەڵدەگرێتو کاخەزەکانی سەرمێزەکە کۆدەکاتەوە)

**ترۆتسکی**:

بۆزنانسکی، ڕۆژمێرەکەت لەبیر نەچێت. ئامرازەکانی نووسین بخەرەناو کیفەکەوە.

فەرهەنگەکان لەکوێن ؟ فەرهەنگی ئینگلیزیو ئەڵمانیو فەرەنسیو ئەسپانی.

فلچەو مەرەکەب ؟ بەڕادەی پێویست پێنووست داناوە ؟

**لیئۆن سیدۆڤ:**

بابە کاتی ئەوە هاتووە جلوبەرگەکەت بپۆشیت.

**ترۆتسکی** :

من هەمیشە ئامادەم. فەرمان جێبەجێ ناکەم هەردەبێت دووبارەی بکەمەوە. هەواڵی چین و هیندو ئەمریکای باشوور چییە، هەواڵی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە سوومرگەکان و تێکۆشانی ڕەشەکان لە دەولەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چییە . هەواڵی نێونەتەوەیی چییە. هیچ ڕاپۆرتێکمان لەبارەی پارتی هیندەوە نییە؟ هەموو ئەم شتانەم بۆ بنێرن. سەمیرنۆف ئایا ناردت ؟ ڕاکۆفسکی تۆش بەزووترین کات ڕۆژنامەکانم بۆ بنێرە.

**ڕاکۆفسکی** :

گەر ئێمەشیان ڕەوانەی لای تۆ نەکرد.

( زینایدا پاڵتۆیەکو کلاوێکی پۆشیوە و دێتە ژوورەوە)

**زینایدا** :

بابە پاڵتۆکەت بکەرەبەر.

**ترۆتسکی** :

زینایدا لەسەر کورسییەکە داینێ.

**زینایدا** :

خێراکە بابە.

**ترۆتسکی** :

لەجێی خۆم ناجووڵێم .

( ترۆتسکی لەسەر چرپا بچووکەکە دادەنیشێت. پاشماوەی پەرتووکو کاخەزەکان لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێتەوە دەیانخاتە باهۆڵەوە.)

**ناتاليا** :

ماوەيـــەكی ئـــارام و دووروودرێـــژت لەپێشـــە بـــۆ كـــاركردن. نەدروشـــم و نـــەدروشمدەر. نـــەميوان ئـــارامیت لێ تێكـــدەدەن. ســـوود لـــەو هەلـــە وەرگـــرە لەشەمەندەفەرەكەداو دەستبەكاربە. تۆ لە من زیاتر ڕادەی توانایی خۆت بۆ كاركردن لەناو شەمەندەفەردا دەزانی.

**ترۆتسكی** :

سێروشا، نەخشەكانت ئامادە كردوون ؟

**سێرگی** :

بەڵێ. لەگەڵ پارچە ڕۆژنامەكاندا لەناو پەروەندەیەكدا دامناون.

**ترۆتسكی** :

لەماوەی ئـەم سـەفەرەدا كیشـوەری ئاسـیا دەخوێنمـەوە. جوگرافـیو ئـابووریو میژوو دەخوێنمەوە. گلازمان، پێم بڵێ دوا هەواڵی چین چییە ؟ گلازمان لەكوێیت ؟

**مراچكۆفسكی** :

لەخوارەوەیە. گرتوویانە.

**زینایدا** :

دەرگەكەیان شكاند. ئەوەتان هاتن.

( ئەفسەرێك و چەند سەرباز كە سەرەنێزەكانیان دەركردووە دێنە ژوورەوە)

**ئەفسەرەكە** :

فەرمانی ڕاگوازتنتانم پێیە.

**مراچكۆفسكی** :

كێشكین هەرواتۆش. كەسیتر نەبوو تۆ نەبێت. كێشكین ئەو كەسەی كە هاوڕێیـەتی كردیـن لـەچوون بـۆ بـەرەی شـەڕ، ئـەوەی بەرامبـەر ترۆتسـكی كردیـانو بەسەریان هێناوە بەس نییە ؟

**ئەفسەرەکە** :

کەس بۆی نییە بەوە خۆی هەڵبکێشێت کە سووپای سووری دامەزراندوە.
ئامادەبە هاووڵاتی ترۆتسکی.

**مراچکۆڤسکی** :

کێشکین. ئەی ئەفسەری نموونەیی. ئەی قوتابی ترۆتسکی. بوویتە ئەو لێپرسراوەی چی لێ داوابکرێت ئەنجامی بدات ؟

**ترۆتسکی** :

پێدادەگرم لەسەر ئەوەی کە گلازمانو هاوکارەکانیترم لەگەڵمدا بن.

**ئەفسەرەکە** :

ئەوەی لەسەفەرەکەتدا کێ لەگەڵتدا دەبێت، ئێمە دیاری دەکەین نەك تۆ.

( لەم کاتەدا سەربازەکان چواردەوری ئەوانیتر دەگرن. سێرگی هەولی هەڵهاتن دەداتو لەگەڵ سەربازەکان دەبێتە کێشمەکێشی ، سەربازەکان دەیدەن بەزەویدا)

**ناتالیا** :

سێروشا

( سەربازەکان دەیگێرنەوە. سەمیرنۆڤ و ڕاکۆڤسکی هەوڵدەدەن یارمەتی سێرگی بدەن. هەوڵەکەیان ناکام دەمێنێتەوە سەربازەکان دەیانگێڕنەوە. ئەفسەرەکە فەرمان دەدات بەیەکێك لەسەربازەکان کە جلوبەرگ بکاتەبەر ترۆتسکی. سەربازەکە پاڵتۆکە هەڵدەداتە سەرشانی ترۆتسکیو کلاوەکە بەسەریدا قلب دەکاتەوە. ترۆتسکی ئامادە نابێت لەجێی خۆیدا بجوڵێت، سەربازەکان بەرزی دەکەنەوەو دەیبەنەڕێوە. هاوسێکانو کۆمەڵێك لەخەڵکی شار لەملاو لەولاوە دەردەکەون.

**لیۆن سیدۆڤ** :

بڕوانن هاوسێیان. وا هاوڕێ ترۆتسکی دەبەن.

( سەربازەکان بە قۆنداخە تفەنگ کۆمەڵەکە ناچار بەڕۆیشتن دەکەن ).

بڕوانن هاووڵاتیان . چۆن هاوڕێ ترۆتسکی بەشەقامەکاندا ڕاکێشی دەکەن.

( چەند کرێکارێکی ڕێگەی ئاسن لەدوایانەوە دەردەکەون)

**سێرگی** :

شەمەندەفەرەکە مەخەنەگەڕ. ئامادە نەبن بیبزوێنن.

( سەربازەکان سێرگی ڕاکێش دەکەن. زینایدا دوای دەکەویت. کۆمەڵێك لەناوەڕاستی شانۆکەدا خڕدەبنەوە. سەربازو کرێکارەکان بەرەو دوا پاڵ بە تەماشاکەرانەوە دەنێن. سەرشانۆ چۆڵ دەکەن بێجگە لەکۆمەڵەکە)

**ناتالیا** :

لە ئالماتا بەفر سپی سپی ، نەرم، ووشك. بەهاران گوڵاڵە سوورە لەگشت لایەك بەشاندا کەوتووە، دەشتەکان بەگوڵالەسوورە سوور هەڵدەگەڕێن.

**سێرموکس** :

هاوڕێم. ئالماتا نە ئاوی پێدا تێدەپەڕێ نەڕوناکی تێدا دەدرەوشێتەوە. ڕێگەکان کوێربوونەتەوە. بێجگە لە گەندەڵیو ئەسپێ شتێکی کەی لێ نییە.

**بۆزنانسکی** :

لەهاویندا مالاریا.

**لیۆن سیۆڤ** :

تاعون و سەگی هاریش.

**ناتالیا** :

باخچەی پڕ لە درەختی میوە. پڕ دەبێت لە بۆنی میوەی گەییو.

**مراچکۆفسکی** :

شاخو کێو لەسەر سنووری چین.

( کۆمەڵەکە بڵاوەی لێدەکەن. ترۆتسکی ئامرازەکانی کار لە باهۆڵ و جانتاکاندا دەردێنێت. ئامرازەکانی ننووسینو پەرتووك و کاخەزەکانی لەسەر مێزەکە دادەنێت.

پینووسو فلچەکان دەردێنێت و لەلای مێزەکە دادەنیشێت. ئەوانی‌تر دەکشێنە دواوەو وون دەبن. بێجگە لە مراچکۆفسکی بەتەنیا ، کەسی‌تر نامێنێتەوە. ترۆتسکی چەند ساتە وەختێك لەدانیشتنەکەیدا بەردەوام دەبێت)

## دوورخراوگەی فرخۆلنسك

مراچکۆڤسکی، دزرینسکی، میخایسکی، لۆزین، ئێلکسەندرا سۆکۆلۆڤسکایاو، چەند زیندانی‌یەکی‌تر دێنە ژوورەوە.ئێلکسەندرا پێش دەکەوێو بەتانی‌و فەروە کۆدەکاتەوە تا بیاکاتە ڕاخەر. ترۆتسکی لەتەنیشت مێزەکەیەوە دانیشتووە.

**ترۆتسکی** :

هاوڕێیانی زیندان. جارێك ناتاشا. جارێك ئێلکسەندرا. دوورخراوگە. گەلەکەم_وەدەرم دەنێت. قەیسەر_وەدەرم دەنێت. سیبریا. نزیکەی سێ‌ساڵە. سەدەی نوێ لە لەدایك بووندا بوو ( بەدەست پەرتووکە ئاوەڵاکەی بەردەمی پاك دەکاتەوە). سیسرکەکان مارکس دەخوێننەوە. سیسرك سەرمایە دەخۆن. ئێلکسەندرا مناڵەکان چونن ؟

**ئێلکساندرا**: زینا خەوتووە. ،،نینۆشکا،،ش هێشتاکە تای هەیە.

**دزرزینسکی** :

سەدەی نوێ. وەك گەردەلوولە. دیاردەیەکی ترسناکە. ڕوسیە. ئای کە چ کارخانەیەکی گەورەی بیرۆکەیە. ئای لەو ستەمگەرییە. سەروەرەکان، خانزادەکان، موڵکدارەکان، ئەفسەرەکان، چاودێرەکان، خاوەن تۆڕنەکان، پۆلیس. هەموویان دەسەڵاتدارن. دەسەڵاتی بێ‌سنوور، لەخێزاندا، بەسەرمناڵاندا، بەسەرنەوەکاندا. پێویستە لەسەرمان ئەم دەستبەندانە بپسێنین. بەڵام پیاوانی ئازادیخوازمان لەکوێ بوو؟

**زیندانی یەکەم** :

ئەوە ڕاستە کە لە بڵێسەدا دا دەڵێن: کرێکاران بە تەنیا ناتوانن

شۆڕش بکەن، ئەوان پێویستیان بە سەرکردایەتی کردن هەیە، لەبەر ئەوەیە کە ڕۆشنبیران نەخشەیان بۆ دەکێشن.

**زیندانی دووەم** :

شۆڕش لە شەقامەکاندا دەست پێدەکات.

**زیندانی یەکەم** :

کێن ئەوانەی نەخشەمان بۆ دەکێشن. ئەی پاڵەوانانی فریودەر. ئەی قوتابیان. بچنە دەرەوە بۆ دەوروبەر. هەندێك کرێکار کۆکەنەوە. هەوڵدەن ئاگادارمان کەنەوە کە چۆن سەرپەرشتی کارگەکانمان بکەین. ئەی ئەوانەی کە ئامێرەکان ناناسن.

**مراچکۆفسکی** :

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك کە خوێندکاران دەستگیر دەکرێن یان کاتێك لە پشوودان هەمووشت دەوەستێت. هیچ نوزەیەك لەخوارەوە نابیسترێت.

**زیندانی یەکەم** :

ئای لەو دەستۆکە گەمژەیە. لەپێناو مە بەچ کارێکی دروست هەستاون ؟ لەهێندێك بیرۆکەی سۆشیالیستی‌یەوە سەرهەڵدەدەن، کە دایان دەتاشن. هیچ ڕۆژێك لەڕۆژان نەگەیشتنە نێو جەماوەر.

**ترۆتسکی** :

تۆ گومانت لە خوێندکاران هەیە. لەوەدا ڕاست دەکەیت کە سەر بەچینە ناوەنجی‌یەکانن. بەڵام ئەوانی‌تر لەکوێن ؟ تەنیاخوێندکاران هەلی خوێندنەوەو نووسینیان بۆ ڕەخساوە، لەگەڵ ئەوەدا کارکەران بەدرێژایی یازدە تا دوازدە کاتژێرەی کە لەڕۆژدا کاردەکەن ئارەقە بەنێوچەوانیانەوە ووشك دەبێتەوە، ووزەیان لەبەر نامێنی‌و هێزیان لاوازو لەخویندن بێبەش دەبن. بیربکەرەوە لەوەی ڕوو دەدات. بۆیەکەمجارە خوێندکاران هۆشمەندی‌یان بۆ داگیرکردنی ناوەندیکی گونجاو لە چینەکەیاندا بەکارنابەن، بەڵکو بەپێچەوەنەی ئەوەوە هۆشمەندی‌یان بۆ دژایەتی

ئـەو کۆمەڵگەیـەی کـە لەهـەناویدا بـار هـاتوون بـەکار دەبـەن. شۆڕشـی بـۆرژوازی دەسـتپێکردووە. خوێندکـاران شـان بەشـانی کرێکـاران ڕادەوەسـتن. واتـە ئامـادەن بۆچوونـە قونـاخێکیتر، بـۆ شۆڕشـی پرۆلیتاریـا. ئالێرەدایـە پێداویسـتی سـەرکردایەتییەکی سیاسـی ››پـارت‹‹ سـەرهەڵدەدا، بـۆ ئـەوەی پـاڵ بـە ڕەورەوەی شۆڕشەوە بنێت بۆ پێشەوەو دەسەلاتی کارگەران دامەزرێنێت.

**زیندانی یەکەم** :

دزرزینسکی ئەوە خەیاڵی ڕۆشنبیرەکانە. چەند کارگەر دروشمەکانتان دەخوێننەوە. چەندکەسیان بلاوکراوەکانتان دەخوێننەوە ئەی برۆنشتاین ؟

**دزرزینسکی** :

گرنگ نییە کێ شۆڕش دەکات. لەیەکلاکردنەوەی ململانێی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی بێچیندا هەموو پەیوەندییە خێزانییەکان لەبیردەکرێن. ڕۆژێك دێت کچ و کوری کارگەران دەچن بۆ زانکۆ.

**ئێلکساندرا**:

بۆچی ڕکت لە ڕۆشنبیرانە؟ مەگەر ئەوانیش لەزیندانی فرخولنسك بەند نین ؟ مەگەر چاپو بلاوکراوە نهێنییەکان، هاندانی جەماوەرو ڕێکخستنی کـارێکی بـەنرخ نییە ؟

**میخایسکی** :

ڕێکخراوبوون سەرەتای کۆتاییە.

**ترۆتسکی** :

مانگرتنەکان بەڵگەی ئاشکران کە خەبات دەستپێکردووە. بەلام خەباتی ئابووری ناکاتە خەباتی سیاسی. پێویستە شانە کارگەرییەکان لە کارخانەکاندا ڕێکبخرێن.

**میخایسکی** :

ئەمە سنوورێك بۆ جوولانەوەی خۆبەخۆ دادەنێت. بڕوانن بۆ ئەڵمانیا:

تەنیا ـ پارت تێیدا بەهێز بوو. بەڵام مشتێك لە هەلپەرستان بەولاوەتر نەبوو ، لەپێش هەموویانەوە برۆنشتاین. دەسەڵاتی کارگەران لەئارادا نەبوو، بەڵکو هاوپەیمانی بوو لەگەڵ چینی نێوەنجی. شۆڕش نەبوو بەڵکو جوڵانەوەی لیبراڵیستی بوو.

**لۆزین** :

نەفرەت لەو تیۆری داڕێژەرانەی کە دانیشتووی دەرەوەن پلیخانۆف، **ئێکسلرود**:

مارتۆف و لینین. هەرکەسێکیان دیبێت پێیان ووتوە پێویستە شۆڕش لە وولاتانی پیشەسازیدا دەستپێدەکات. نەخێر، شۆڕش لێرە دەستپێبکات. لەڕوسیەی ئاسیاییدا کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەژێت.

**ترۆتسکی** :

میخایسکی تەنیا توندوتیژی بەست نییە. توندوتیژی شتێك نییە بێجگەلە یاخیبوون کە لە تورەییو نائومێدیو برسیەتی سەریهەڵداوە، بەڵام شۆڕش شتێکیترە. ڕاپەڕینی لەمجۆرە لەکۆمۆنەی پاریسەوە تاوەکو ئێستا فرە سەریان هەڵداوە. بەڵام تەنیا لەبەرژەوەندی بۆرژوازیدا بوون، نەك لەبەر ئەوەی ڕاپەرینی شۆڕشگێڕانە نەبوون بەڵکو لەبەرئەوەی هەلومەرجەکە وەك پێشو ماوەتەوە. بۆرژوازی دەستی بەسەر موڵكو خوێندگەو ڕۆژنامەو سوپا گرتووە. بەڵێ. دەتوانین سەنگەر بگرین بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی پێویستمان پێیەتی مانگرتنی گشتیو کۆبوونەوەی جەماوەریوخۆپیشاندانە. ئەگەر سوپا نەیێتە ڕیزمانەوە هیچ شتێك نایێتەدی لەسەردەمی مەدا.

**میخایسکی** :

چۆن هیچ نایێتەدی دامودەزگاکانی دەوڵەت لێك هەڵوەشاوون ؟ تەقەکردن لەشالیارێك تزار دێتە لەرزە.

**ترۆتسکی** :

کوشتنی شالیارەکان کاری مە نییە بەڵکو لەناوبردنی یەکجاری

مولّدارییّتی ئەرکی مەیە.

**میخایسکی** :

ئەو شیوە پارتییەی وی دەیەویّتن شتیّك نییە بیّجگە لە شیوەیەکی تری سەرکوت. بریتییە لە دەستەیەکی هەڵبژیّردراو لە _ ئەفسەران، تەکنیککارو زاناکان _ کە پرۆلیتاریا لاواز دەکەن. لەوانەیە ئیّستا قسە لە لەناوبردنی دەولەت بکات، بەلاّم کاتیّك کە دەسەلاّت دەگریّتە دەست ئەوکات ئەم بەڵیّنانە دەخاتە لاوە. پیّویستە بەردەوام بین لەسەر ڕەوتمان وەك ئەوەی دەستمان پیّکردووە، ڕەوتی لەناوبردنی پایەکانی دەولّەت، بیروکراسیو دامەزراوەکانی تیّکبشکیّنین.

**ترۆتسکی** :

میخایسکی ئەم قسەیە بەسەرچووە.. ئەمە زمانی سەدەی پیّشووە. بەبیّ بوونی لیّکۆڵەرەوەو زانایانیبیرکاریو بەڕیّوەبەران پیّشکەوتن ناییّتەدی.

**لیۆزین** :

کاتیّك کە جەماوەر بەرژەوەندی خۆی دەناسیّت گیوگرفتی دەسەلاّت چارەسەر دەبیّت. وەپیّویستمان بەکۆمیتەی ناوەندی نییە تا ڕیّنویّنی جەماوەر بکات.

**میخایسکی** :

پیّویستە لەسەرمان بەهەمان چەك دژایەتی دەولّەت بکەین کە دژایەتیمای پیّدەکات. ئەرکی مەیە لەدڵی خاوەن کارە مشەخۆرو دەولّەمەندە چاوچنۆکەکانو پروپاگەندەچییە دەولّەتییەکاندا ترس بچیّنین ، ئەوکات ڕاستی هەرلایەك دەردەکەویّت، گەندەڵیوناپاکیان ئاشکرا دەبیّت.

**لیۆزین** :

پیّویستیمان بەسوپا چییە؟ لەدروستکردنی نارنجۆك ئاسانتر نییە. کەمیّك ترشی نیتریك لەشوشەدا، کەمیّك کلۆراتی پۆتاسیۆمی دەکریّتەسەر. بەسە بۆئەوەی دادگەو ناوەندو بانکەکانی ڕووسیە لەناو دەچن و ببنە خۆڵەمیّش.

**ترۆتسکی** :

لیۆزین تەقەمەنی‌یەکەت جێگەی جەماوەر ناگرێتەوە. هەندێکتان لەم کردارەدا دەسووتێنێت یان وەك پاڵەوان بەتەنیا دەمرن. بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی کە کارگەران بێنە ڕیزتانەوە. ( سەربازێك بە کڵاوێکی تووکن‌و پاڵتۆیەکی یەخە هەڵگەڕاوەوە دەردەکەوێت. بەدەستێکی چەك‌و بەدەستەکەی‌تری زیندانی‌یەك لەگەڵ خۆی دەبات. لیۆزین ڕوولە سەربازەکە دەکات).

**لیۆزین** :

ئەوەچی‌یە. چۆن کاری وادەکەی ؟ باوکت کێ‌یە ؟ جووتیار یان کارگەر ؟

( سەربازەکە بەچەکەکەی هەڕەشەی لێدەکات، خەنجەر لەلۆزین هەڵدەکێشێت)

کارگەیشتە ئەوە دیارە تۆ سڵ لە تەقەکردن لەبراکانت ناکەیتەوە. بیربکەرەوە چۆن ئەفسەرەکەت هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکات. بیربکەرەوە چەندە مووچەت دەداتێ. تۆ بەرگری لەچەوسێنەرانی خۆت دەکەیت. ئایا بەرگری‌یان لێدەکەیت دژبە ئێمە ؟

( سەربازەکە فیشەنگ دەباتەپێشەوە تەقە بکات، هەندێك زیندانی خۆیان دەدەن بەزەویدا. ترۆتسکی خۆی لەپشت مێزەکەی دەشارێتەوە. لیۆزین بەرەو سەربازەکە دەڕواتە پێش‌و مەبەستی نیشاندەدات. سەربازەکە تەقە دەکات بەڵام لیۆزین ناپێکێت. شەڕ لەنێوانیاندا هەڵدەگیرسێت. سەربازێکی‌تر دێتە ژوورەوە. دەست بەلێدانی لیۆزین دەکەن‌و بەدوای خۆیاندا ڕاکێشی دەکەن).

**ئیلکسەندرا** :

دەیبەن بۆ کاتورگا. گەر ئێستاکە نەیکوژن. لیۆزین مامۆستایە، زۆرشت ئەتوانێت لەبەرژەوەندی مە بکات. ( بێجگە لە دزرزینسکی‌و مراچۆفسکی هەمووان دەکشێنە دواوە لەسەر زەویپاڵ دەکەون).

**ترۆتسکی** :

چوارساڵی تەواو. هەمووان وادەزانن کە زیندانمان پێخۆشە. بەڵام هێندە

زیندانمان خۆشدەوێت کە خنکاوێك قولایی دەریای خۆشدەوێت. دەنگمان خامۆش مەکەن. مێژوو. ئەم ئامێرە ترسناکە. هێواش هێواش ووردوخاشمان دەکات.

ئاویلکەمان دەبیستیٚو خوێنمان دەخواتەوە. بەڵێ، هەنگاوەکانی توونـد دەکاتەوە. شتێکەو ناگونجیٚ. با هێزەکان کۆکەینەوە، ببزوێین. هەرشتیٚ باشترە لەدەستەمۆیی چاوەڕوانیدا. ( بەخێرایی هەڵدەستێتەوە)

**مراچکۆڤسکی** :

بڕۆنشتاین ئێستا وەختیەتی.

**دزرژینسکی** :

سەرەی هەڵهاتنیتۆیە. لەعەرەبانەی گواستنەوەی ئالیکدا خۆت بشارەوە، باجووتیارەکان نەتبینن. بەبەتانی داتدەپۆشین، دەڵێین نەخۆشە. چەند ڕۆژت ماوە بۆ دەرچوون.

**ترۆتسکی** :

ئەی منداڵەکان ؟

**مراچکۆڤسکی** :

دڵنیابە ئاگامان لێیان دەبێت. ئیلکسەندرا تەنیا نابێت.

**دزرژینسکی** :

لە ئێرکوتیسك و ساماراو خارکۆف وکییف پەیوەندی بەدەستەکانەوە دەکەیت. پاش ئەوە بەڤیێناو نەرویژ و پاریسدا بۆ لەندەن دەگوێزرێیتەوە. لەویندەریٚ لینین چاوەڕێتە دەبینی.

**مراچکۆڤسکی** :

بەڵگەکانتی وەرگرت. چ ناوێکت لە پاسپۆرتەکەت نووسیوە؟

**ترۆتسکی** :

ناوی ئەو زیندانەوانەی کە لە ئۆدێسا پاسەوانم بوو.

( دزرزینسکی و مراچکۆفسکی دەگەڕێنە دواوە، ناتالیاش وەگەردیان دەکەوێت. تیپێك سەربازی پالتۆ ئەستوورو كڵاو فەرو پۆش دێنە ژوورەوە. چواردەوری زیندانی‌یەکان دەدەن. بێجگە لە ترۆتسکی لەپێشەوەی شانۆدا کەس نامێنێتەوە)

**ناتالیا** :

سێرموکسیان برد. بواریان نەدا کەوشەکانی لەپێبکات. ئێستا لە پۆلیسی نهێنی لەساختمانە بێ پەنجەرەکاندا لێیدەپرسنەوە.

( ترۆتسکی بەخێرایی بەرەو دواوە دەڕوات. دەبینێت کە سەربازەکان زیندانی‌یەکان یەك لەدوای یەك بێ ورتەو سرتە ناچار بەڕۆیشتنیان دەکەن).

لیۆنا ئێستاکە لەدەرەوەی وولاتە. بروسکە دەنێرێتەوە. بەڵام ئەمە چارە نی‌یە. بۆزنانسکی‌یشیان برد. گەر ئەوکاتە کەمە نەبووایە نەیدەتوانی پۆستەکەم بداتێ. ڕاکۆڤسکی دوورخرایەوە بۆ ئیسترخان، سەمیرنۆفیش بۆ قەفقاز. هیشتاکە سێریۆشا لە مۆسکۆ دەستبەسەرە. هەواڵی ئێلکسەندرا م پێگەیشت. نینا نەخۆشی‌یەکەی تەشەنە دەکات. زینایان لەگەڵدایە.

**ترۆتسکی** :

نینا نەخۆش بوو کاتێك ئێلکسەندرا و منالەکانمان لەسیبریا بەجێهێشتن.

( دووبارە لەلای مێزەکەی دادەنیشێتەوە. ناتالیا بەتەنیا لەبەشی دواوی شانۆدا دەمێنێتەوە)

ئایا ئەوە ڕاستبوو کە کارەکانم بەلاوە گرنگتر بن؟ ئەمە گشت بۆئەوەی کە خۆم وەك شتێك لە بزووتنەوەی مێژوویی ببینم ؟( کاخەزەکانی لەسەر مێزەکە ڕێکدەخات، پاش ئەوە وەك لەسەرەتای شانۆیی‌یەکەدا بۆ چەندسات دادەنیشێت. هەڵدەستێتەوەو بەرەوپێش هەنگاو دەنێت. ناتالیا )

## ٣ لەندەن

**ترۆتسکی** : لەندەن. ١٩٠٢. تێن هۆڵفۆرد پلایس.

( نادزدا کرۆبسکایا )

**نادزدا** :

ئەمە، کەی کاتی سەردانە.

**ترۆتسکی** :

بەڵێ. دەزانم هیشتا زووە. بەڵام هاتنەکەم بۆ ئێرە سێ مانگی خایاند. ناتوانم چاوەڕوانی بکەم.

**نادزدا** :

ڤلادیمیر ئێلیچ پێنووسەکە گەیشت.

**ترۆتسکی** :

نادزدا کرۆبسکایا شۆڤێرەکە لەدەرەوە چاوەڕێیە. پارەم پێنییە تا بیدەمێ.
( نادزدا کرۆبسکایا تێدەپەڕێت. لینین دێتە ژوورەوە. بەرەو مێزەکە دەڕوات. ترۆتسکی بەبینینەکەی ئاسوودە دەبێت. هەردووکیان دادەنیشنو دەستبەجێ قسەوباس لەنێوانیاندا دەستپێدەکات )

ئەوەی لە ڕوسیەیە دەپرسێت پێویستە پارت چیبکات ؟ ئایا بیردەکاتەوەو بڕیاردەداتو لەبری پرۆلیتاریا جێبەجێی دەکات ؟ کارگەران دەڵێن خۆیان بەتەنیا ئەتوانن کارگەکان بخەنەگەڕ، وەلەبەرئەوە گەر خاوەنەکانیان دەستگیرکران، ئەوا ڕێکخستنی تایبەت بەخۆیان دادەمەزرێنن.

**لینین** :

(بۆڵبۆڵ دەکات) دەتوانن سەندیکا پێکبێنن، بۆ باشترکردنی چۆنیەتی گوزەرانیان بەڕێوەبەرایەتی ناچار بکەن. بەڵام جیاوازییە بنچینەییەکانی خۆیان و ڕژیم بەگشتی بەخۆیان دەرکی ناکەن.

**ترۆتسکی** :

ناچنە ژێرباری هیچ پارتێك کە هەوڵی سەرکردایەتی کردنیان بدات.

ئیستاکە خاوەنی هێزن تاوەکو مەرجەکانیان بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنن. چینە نێوەنجی‌یەکان دڕندەو چاوچنۆکن. بەڵام بەترسنۆك ناسراون. پرۆلیتاریا دەتوانێت بەسەر شۆڕشی بۆرژوازی‌دا زاڵبێت.

**لینین :**

تەمەنت چەندە ؟

**ترۆتسکی :**

بیستو سێ ساڵ.

**لینین :**

لیۆن داڤیدۆڤیچ، تۆ هەوڵی کورتکردنەوەی قۆناخەکان دەدەی، تۆ بەپەلەیت. وەك هەنگاوی یەکەم لەپێشدا بۆ تێکشکانی فیودالەکانو، جێبەجێ کردنی ڕیفۆرمە ئابووری‌یەکان. پێش ئەوەی کەپرۆلیتاریا هێزەکانی یەکبخاتو بۆ شۆڕش ئامادەبێت ڕوسیە پێویستی بە شۆڕشی بۆرژوازی هەیە. مە پێویستمان بە کۆماری دیموکراسی هەیە. چینی کارگەر هێشتا ژمارەی کەمە. پێویستە دەست بخاتە نێو دەستی توێژەکانی پرۆلیتاریاوە، مەبەستم جووتیارانن.

**ترۆتسکی :**

لە ڕوسیە سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی بەسەرچووە، چینی کارگەر ئامادەیە بۆ بزووتن. ناتوانین چاوەڕێبین تا بەقۆناخی سەرمایەداری بگەین. بوار نی‌یە هەتا بگەینە ئەو قۆناخەی کە سەرمایەداری لە ئۆروپا پێیگەیشتووە. لە ووڵاتانی دواکەوتەدا لەڕێگەی کارگەرانەوە نەبێت ناتوانرێت دیموکراسی بێتەدی.

**لینین :**

دامەزراندنی دەوڵەتی شوڕشگێڕ لەڕوسیە لەم قۆناخەی ئێستادا، بەبێ هاوپەیمانی پارتەکان سەرناگرێت. وەتەنانەت لەم بارەشدا سۆشیالیستەکان کەمایەتی‌یەکی لاوازن. خەونەکانت پڕ مەترسین.

**ترۆتسکی** :

پێویستە لەسەرمان لەسەرەتاوە بۆ بەدیهێنانی شۆڕشی سۆشیالیستیو، دامەزراندی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەستبەکاربین. بەبێ چەندوچوون دەستبەکاربین تاوەکو ڕێڕەوەکەمان وەك لافاوی بێئامان وولاتانی تریش بگرێتەوە.

**لینین** :

لیۆن داڤیدۆڤیچ، پێت دەڵێن پێنووس لەبەر ئەوەی کە بیرت ئازادانەو، بە ئاسانی دەردەبڕی. ئێمە پێویستمان پێتە تا لە بڵسە د ا کاربکەی ، ئەو بیروبۆچوونانەی تێدا بنووسی کە ڕۆژێك لەڕۆژان دەبنە شۆڕش. بەلام لەبیرت نەچێت ئەو شۆڕشگێڕانەی بەلەسەرخۆییو ووریایی نابزووێنەوە قێزەونترین شۆڕشگێڕن. لەتوانای هەموو کەسێکدا هەیە دوای هەڵگیرسانی بڵێسەی شۆڕش ببێتە شۆڕشگێڕ. چەند سەختو گرانە کە شۆڕشگێڕ بێت کاتێك کە هەلومەرج لەبار نەبێت بۆ چوونەپای شەڕێکی ئاشکرا. بێجگە لەوەش، تاکتیکی شۆڕشگێڕانە پێویستە پشت بەهەڵسەنگاندنی هێزی هەموو چینە کۆمەلایەتییەکان ببەستێت، هەڵسەنگاندنێکی بابەتیو یەکلاکەرەوە. وەکارکردن بەشێوەی کاری ڕێکخراو و نهێنی بۆ ماوەی چەندین ساڵ.

**ترۆتسکی** :

پێویستە لەسەرمان لەبەرەیەکی فراواندا بەردەوام ببزوێن و، هێزەکانمان هەڵسەنگێنین.

**لینین** :

ئەم قسەی ئارەزوومەندانە. تاوەکو لەڕوسیە ئارەزوومەندی بەسەر ناوبانگی پیاوە شۆڕشگێڕکانماندا زاڵبێت ، سەرلێشێواوی و ڕاڕایی لە بۆچووندا. کورتبینی. کەموکورییەکان لەپشت قسەکردن لەهێزی ڕەسەنی جەماوەرییەوە دەشارنەوە. توانای کارکردنیان لەپێناو نەخشەیەکی هەمەلایەنەدا نییە. کاتێکی بەنرخ

لە مشتومڕدا بەفیڕۆ دەدەن. وەهەرکەسێك کە شەیدای بیرۆکەکانی خۆیبێ لەگەڵ مەترسی دەستگیربوون لەلایەن پۆلیسەوە ڕووبەڕووە. وەئەگەر هێرشێکی سەرکەوتووانە کرایەسەریان ڕیزەکانیان لێکدادەپچڕێنو دابەش دەبن.

( هەڵدەستێتەوە، بەدەستی نیوچەوانی دەشێلێت).  ڕێخستنێك لەشۆڕشگێڕە پیشەیی‌یەکان بێنین دەبینین کە چۆن ڕوسیە دادەمەزرێنین و خۆمان ڕاناگرین.

( تروتسکی‌یش هەڵدەستێتەوە. لینین بەدەستی لاجانگی فشار دەدات).

**ترۆتسکی** :

ڤلادێمیر ئیلیچ نەخۆشیت ؟

**لینین** :

بابڕۆین.

( لە پشت و لەهەردوولاوە کارگەرانو ڕێبواران و ژمارەیەك لەدەریاوانانی بریتانی دێنەژوورەوە. لینین لەپڕ ئاوڕ لەلای پێشەوە دەداتەوە).

بڕوانە بۆئەوێی لەندەن. بڕوانە شاری چاپلۆسێنەران. پەرلەمان. بورج. مۆزەخانەی بریتانی. بەڵام هەمووی تەنیا موڵکی ئەوان نی‌یە. لەسەر ڕەفەی پەرتووکەکان هێلانەمان دروستکردووە. دەستمان بە تەختکردنی بنچینەکانی کردووە.

( لەپشتەوە قسەکەرێك دەردەکەوێت لەسەر سندووقێك کۆمەڵێك لێیکۆبوونەتەوە)

**قسەکەر** :

خوشكو برایان بەدوامدا بڵێنەوە. ڕزگارمانکە.

**کۆمەڵەکە**:           ڕزگارمانکە.

**قسەکەر** :

ڕزگارمانکە خوایا

**کۆمەڵەکە** :

ڕزگارمانکە خوایا.

**قسەکەر :**

لە میرنشینی سەرمایەداری.

**کۆمەڵەکە :**

لە میرنشینی سەرمایەداری

**قسەکەر :**

بەرەو ژیان.

**کۆمەڵەکە :**

بەرەو ژیان.

**قسەکەر :**

بەرەو دونیای سۆشیالیستی.

**کۆمەڵەکە :**

بەرەو دونیای سۆشیالیستی.

**لینین :**

ئەوێ لەندەنێکیترە. هەلاّویرێك لەنیوان لەندەنی مە و لەندەنی وان دایە.

( دەریاوانەکان بەرووی چەند ژنەکارگەیکدا پیدەکەنن).

**ژنە. کارگەری یەکەم :**

دەریا وانەکان وەرسکەرن.

**ژ. کارگەری دووەم :**

سەیری حەشیمەتەکەتان دەکرد، وانییە ؟

**دەریاوانی یەکەم :**

لەمەیدانی تراڤلگار.

**ژ. کارگەری دووەم :**

بەدیتنی پادشا خۆشتانبوارد. هێشتاکە ڕەنگی هەڵبزرکا بوو، شاژن

چی پۆشیبوو ؟

**کارگەری یەکەم :**

کراسەکەیان نەدیتووە چونکە خشڵو زێر داپپۆشیبووە ؟

**ژ. کارگەری دووەم :**

سوپاسی خوداوەندی کرد. لەکەنیسەی پیرۆزی بۆلس خودا دوای نەخۆشی‌یەکی درێژخایەن تەندروستی بۆ گیرایەوە.

_ پێکەنین _

**کارگەری یەکەم :**

لەکێــوە هــاتوون ؟ لــەکوێ ئاشــتیتان دەپاراســت ؟ لەئــەمریکای خواروو؟ لەعەدەن ؟ لە هیند ؟ یان لە چین ؟

**ڕێبوارێك:**

ئەی خودایا، گەر گەلەکەشتی بریتانی نەبوایە، باری ئیپراتۆری چۆن دەبوو.

**دەریاوانی دووەم :**

لە فەنزەویلا بووین، ئابلۆقەی شۆڕشگێڕەکانمان دەدا.

**دەریاوانی یەکەم :**

توانیمان شۆڕش دامرکێنینەوە.

**دەریاوانی دووەم :**

بەلام لە کۆلۆمبیا شۆڕشێکی‌تر سەرهەڵدەدات.

**دەریاوانی یەکەم :**

ئێلیانکی لەقەرەی دێت.

**ژ. کارگەری دووەم :**

ئەی صۆمال ؟ ناوچەی ئێمەیە. دەڵێن لەوێندەرێ شەڕێکی قورسە: چی پێدەڵێن ؟ بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی.

**کارگەری یەکەم** :

کلیمانسۆ دەڵێت لە فەرەنسا مانگرتنەکان بەرەو شۆڕش دەچن. ئای گەر یەکێتیمان زیاتر بوایە، ئای گەر کارگەران بە شێوەیەکی زانستی.باشتر ڕێکخراوبوونایە.

ژ.**کارگەری دووەم** :

سەد هەزار لە کارگەرانی کانەکان لە خۆپیشاندانەدا بەشداربوون.

**کارگەری یەکەم** :

پۆلیس تەقەی لێکردن. دەیان بریندار بوون. مانگرتن لە دنکرک کۆتایی پێهات.مانگرتووان تەنانەت داوای ئازادبوونی هاوڕێ زیندانییەکانیان نەکرد. حەوسەدو یازدە بەگەڕانەوە بۆ سەرکار دەنگیان دا. چوارسەدو هەشتاویەك بە درێژەدانی مانگرتنەکە دەنگیاندا.

**لینین** :

چوارسەدو هەشتاو یەك دژ، هیچ ناگۆڕێت.

**کارگەری یەکەم** :

مانگرتن لە ئەمریکا پێیناوەتە سەدەمین ڕۆژی. گوێگرن سەرۆك ڕۆژفلت چ دەڵێت ( ڕۆژنامە هەڵدەداتەوە) دەڵێت، بیر لەم زستانە بکەنەوە. کۆگە ڕەژوەکان خاڵی بوون. مانگرتن بووەتە گەورەترین مەترسییەك کە وڵات بەدرێژایی مێژووی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. پرسیاری ئازاراوی ئەمەیە پێشێلی مافی گەلی پیرۆزو نەمر بە ئازادبوونی ئاژاوەچییە تاوانبارەکان لەدەستدانە ئاژاوەچییەتی ؟ گەل واتە خاوەن کارخانەکان. ئاژاوەچییش واتە ئێمە.

**کارگەری سێیەم** :

گەر هاوسەرەکەم لەزینداندا بووایە، نەمدەزانی چ بکەم.

**لینین** : ئایا لە کارگە پێت ووتون کە سۆشیالیستی ؟

**کارگەری یەکەم** :

ڕای تۆ چی‌یە ؟ گەر خاوەن کارەکەم زانی من سۆشیالیستم دەرم دەکات. لەبەر ئەوە بێدەنگی هەڵدەبژێرم. وەپێویستە لەسەرم بیر لەخێزانەکەم بکەمەوە.

**لینین** :

ئەی ئاڵوگۆڕەکان چی ؟

**کارگەری یەکەم** :

بەرێگـەی ئاشـتی ڕوو دەدەن. سۆشـیالیزم بەرێوەیـەو گومـانی تێـدا نی‌یە وەپێویستمان بە شۆڕش نی‌یە.

( بەئارامی بڵاوەی لێدەکەن. لینین و ترۆتسکی دێنە پێشەوە )

**لینین** :

بڕوانـە لیـۆن داڤیۆڤیـچ. ئـەوە ئەوشـارەیە کەتـەومژی چـڕو هیـس دایدەپۆشێتێت. مارکس لـەویندەرێ لەسـەر تەپـەی بـێرموز گەشـتی دەکـرد. لـەپێناو جیهاندا تێکۆشا. ئێسـتە وی لەهـەناوی ئـەم شـارەدا بـەخاك سـپێردراوە. ڕاگەیاندنـە بەناوبانگەکـەی، تاڕادەیـەك لـەبیرکراوە. سـەرۆکە کارگەری‌یـەکان لەسـالڕۆژەکاندا گۆڕەکەی هەڵیدەدەنەوە. دەمیان بۆ گەرێکی چۆڵ.وهولْ دادەچرن.

( لینین بەهەردوو دەستی ناوچەوانی دەگوشێت. بەرەو چرپا چکۆلە دەڕواتو دەست بەمێزەکە دەگرێت و ڕادەکشێت. بێجگە لەوان کەسی‌دی نامێنێتەوە)

**درێژەی هەیە**...

# سورانەی سەردەم

## ئاپە

**شوێن** : ژوورێکی ئاسایی، لەلای ڕاستەوە لاوێك لەسەر کورسی‌یەك لەتەنیشت مێزێکی نووسین دانیشتووە، گلۆپێك لەڕاسەری کز دەسووتێ. لەلای چەپ تابلۆیەکی هەڵبجە هەڵواسراوە و دەزگەیەکی تێلەفۆن بەرچاو دەکەوێت. (موزیکێکی ئارام دێتەگوێ) لاوەکە نووقمی دەریای خەیاڵە و چاوی بڕیوەتە خاڵێك لەسەردیوارەکەی بەرامبەری. سەرێکی پێنووسەکەی بەددان گرتووەو بەدەستی یاری بەپێنووسەکە دەکات. (لەم بارەدا ماوەیەك دەمێنێتەوە) لەپڕ وەك لەخەو ڕابووبێ، دەستێك بەپرچە ئالۆزکاوەکەی‌دا دێنێ‌و، سەیرێکی دیوارەکانی دەوروبەری دەکات‌و سەرێ دەلەقێنێ.

وەك گرێکوێرەی کردبێتەوە، بەپرتاو پێنووسەکەی دەگرێتە دەست‌و دەست بەنووسین دەکات . لەگەڵ داڕشتنی ووشەکان دەستەکەی تری گرمۆڵە دەکات‌و گرژی دەروونی لەهێڵەکانی نێوچەوانیدا دەردەکەوێ، چەندجار دەنووسێ‌و پەرە کاغەزەکان دەدڕێنێ، (هەستانەوەیەکی کتوپڕ، چەند جار هاتوو چوون لەم سەرەوە بۆ ئەوسەری ژوورەکە). لەپڕ بزەیەك هێڵەگرژەکانی نێوچەوانی دەسڕێتەوە، هەردوو دەستی بەهێمای دۆزینەوەی شتێك پێك دادەدات. لەشێوەی سەمادا لەدەوری خۆی دەسوڕێتەوەو دووبارە پێنووسەکەی دەگرێتەوە دەست. لەگەڵ بەرزبوونەوەی موزیکەکە خێراتر دەنووسێ‌و، هەروەك بڵێی ئارەزووەکانی لەسەر ئاوازەکە دەهۆنێتەوە.

( زەنگی تێلەفۆنی ڕایدەچڵەکێنێ، بەپەلە خۆی دەگەیێنێتە لای تێلەفۆنەکە، وەك بڵێی دەمێکە چاوەڕێی ئەوزەنگەیە).

**لاوەکە** : بەڵێ. ئارام ( دەنگی کچێك )

**دەنگەکە**: ئەلو .. ئەلو( دەنگەکە دوور دیارە)

**ئارام** : ( دوای هەڵوێستەیەکی کورت وەك بڵێی دەنگەکە ناناسێت)

**دەنگەکە** : ئەلو .. ئارام

**ئارام** : ( وەك بوژانەوەیەك، بەخۆیدا دێتەوە) ئازیز گیان تۆی، چۆنیت، گوڵەکەم ؟ ئەوە لەکوێوە ؟

**دەنگەکە** : لێرەم.

**ئـــارام** : (ئارامی لێهەڵدەگیرێت، بەدەم دووانەوە هاتووچۆ دەکاو، دەست ڕادەوەشێنێ) لێرە ! چۆن هاتی، کەی؟

**دەنگەکە** : ئەوە چی دەڵێی ! من لێرەم، لە سولێمانی.

**ئارام** : ( دووبارە دەگەڕێتەوە سەرباری پێشووی) خەنی بووم، وامزانی ...

**دەنگەکە** : واتزانی چی، ئەی بڕیار نی‌یە خۆت بێیتەوە بەدوامدا؟

**ئارام** : ئای بەدبەختی، خۆ منت کوشت، نەدەنگ و نەڕەنگ !

**دەنگەکە** : لەخۆت بپرسە، من هەردەم چاوەڕێم. کەچی تۆش، ئەڵێی ئیمەت لەبیر نەماوە ؟

**ئارام** : یانی چی؟ من بەردەوام بۆت ئەنووسم، ئاگادارت دەکە کەبۆچی نەهاتووم. ئاخر سەفەر بووە بە یاری قومارو من ناتوانم. خۆت ئەزانیت هەر ڕۆژەو لەشکری وولاتێك کێش دەکەنە سولەیمانیو هەولێر، تۆدەتوانی تەنیا سەفەر بکەی.

**دەنگەکە** : چۆن ، لەگەڵ کێ ؟ ئەڵێی بیرت چووە، کەلێرە کچ بۆی نی‌یە تەنیا سەفەر بکات، یاسا ڕێگە نادات !

**ئارام** : ئاخ، لەگەڵ کەسێك دەربازبە، من خۆم چاوەڕێت دەکەم لەمبەر

**دەنگەکە** : ئاخر من چۆن لەو هەموو بازرگەو ڕاوەتاژی‌یە ڕزگارم دەبێت ؟

**ئارام** : تۆش وەك هەمووان، دەبێت سوورانە بدەی. پێم بڵێ، ئیستاکە چ دەکەی، وورەی جارانت ماوە؟ لە ئیغتصابو ئەنفالی کوردایەتی‌دا بەر نەکەووتوی ؟ دەنگەکە : تا ئێستاکە نا، بەلاّم وەختە شێت بم. بەگیانی تۆ لەمەزیاتر توانام نی‌یە. وەرە ڕزگارم کە ! دووری تۆو، شەڕو شۆڕ. هەموو ڕۆژێك لەڕێی کارگە تا دەگەمەوە ماڵ، چاوەڕوانی مەرگ دەکەم. ئاخر تۆ نازانی بارودۆخەکە چۆنە ! هەرکەسەو خواخوایەتی دەرچێو

ڕزگاری بێت. بەڵام توانای دەویَ. تۆ بۆم بنووسە، من چیبکەم، چۆن بگەمە لای تۆ؟ بەس تەنیا جارێکیکە بتبینمەوە. شادومان دەبم گەر لە ئامێزی تۆدا بمرم. ئای لەتەنیاییو، خۆخواردنەوە. سەراب تاسەم ناشکێنێت. وەختە لەئاگری دەسووتێم و، ئاگر لەبیرەوەرییەکانم بەردەدات. ڕۆژانە هەزاران جار حەزەکانم زیندە بەچاڵ دەکەم و، جەلادی عیشق کفنیان بەباڵا دەبڕێت و، بایەقوشێك بە منارەی مزگەوتێکەوە وێردو ستایشی بێگەردییان دەخوێنێت. چ ڕۆژگارێکە تێیکەوتین ؟

**ئارام** : خۆت ڕاگرە، من لە تۆ خراپتر. ئاخر ئەگەر تۆ دێوەزمەی تەنیایی ڕاووت بنیت، ئەوا منی قووت داوە ! من لەهەناویدا شەڕی هاتنە دەرەوە دەکەم، دەست و پەنجە نەرم دەکەم. دڵنیابە گوڵەگیان ! من لەتۆ حاڵم شرترە. مەگەر بگەیتە لام بۆتی باسکەم، بیَ تۆیی مانای چییە! خەمی تۆو باری ئەو خەڵکە خەوی لیَ زڕاندووم. (٣١)ی ئاب تەما بڕت بووم. بەڵام هیوام پێتە ئەم جارەش دەست بخەینەوە ناودەستی یەك، تا لەشەوێکی بیَ هاوتادا لەبەڕووناکی مانگە شەودا، لەکەناری ڕووباری ،،ڕاین،، خەمەکان بدەینە دەم شەپۆلە سەرشێت و یاخییەکان، قاقڕی ئەم ساڵانە بەماچ پاراوبیَو سێبەری لێك ئاڵومان بەدەم جریوەی ئەستێرەکانەوە سەما بکا. دەنگدانەوەی قاقای پێکەنینمان سنوورەکان ببڕێت.

**دەنگەکە** : چییە ئەڵیَی بوویتە شاعیر ؟ ئای کەنامەکانت چەندە ئارام بەخشن.

**ئارام** : کچیَ ئاخر ئەوینی تۆ مرۆڤ دەکاتە باڵدارێکی بەرزەفڕ. هەمیشە لەهۆشمدا ئاوازی دوانت موزیکێکی جادووییەو، ووشەکان لەمێشکمدا دانەدانە دەهۆنێتەوە، دەلەرێتەوەوکێشو سەروایان پێدەبەخشێت. تەنیا کاتیَ ئارام دەبم، کە خەیاڵ لەدەریای یادکاریەکانتاندا نووقمم دەکات. پێکەنینە سادەکەت، مەرگێگی ئارامە بۆ ژانی دەروونم .

**دەنگەکە** : زوو زوو نامەم بۆ بنووسە، تا بزانم چی بکەم !

**ئارام** : بەچاوان. هەر ئاواش دەبیَ. تۆ بەزووترین کات دەربچیت، ئاخر بۆی هەیە خواکانی سەر زەوی دەرگەکان داخەن. ئەوساکە دەبینە ئەکتەرێکی شێت لە

شانۆگەرییەکی خەمناکدا. دەی ئازیزەکەم دوو ووشە لەدەرەوەی یاساکان بە گوێمدا بچرپێنە، تاوەکو ئەمشەو بەیادی جاران لەسەرمەستیدا سەرخەوێك بشکێنم.

دەنگەکە : گیانەکەم خۆشم ئەوێی هەر لەسنوورەکان دەربازبم، ئەوساکە هەموو شەوێ پیش لەجووڵە کەوتنی پێڵوەکانمان، ئەم ڕۆژانەی ڕەبەنی لەبیری خۆمان بەرینەوەو، تۆش پارچە هونراوەیەکم لەگردن بکەی. هەموو ڕۆژێك بەر لەچوونەسەرکار بەگزنکیبەیاندا ماچم بۆ بەرێکە. شەوباش خەوێکی ئاسوودەو دوور لەجەنجاڵی ژیان.

ئارام : زۆر سوپاس ئازیزەکەم، ژێی یادگاریەکانت تێر ژەنیمەوەو بەئاوازەی عیشق مەستت کردم. شەوێکی شادو خەوێکی دوور لەترس .(تێلەفۆنەکە دادەنێتەوە و بەهەنگاوی خێرا دێت و دەچێت. ئاهێك هەڵدەکێشێ، لەباری سەمادا لەسەر یەك لاق وەردەسووڕێو، بەرەو تێلەفۆنەکە دەکشێتەوە:

ئای کەژیان چەندە دژوارە. دەست بۆ هەرشتێك دەبەی وەکومار پێتەوە دەداتو، ویستەکان جوانە مەرگ دەکات. تەنیا ژیان هەرزانە، ژیان. (دووبارە لەتەنیشت مێزەکە دادەنیشێتەوەو، پێنووسەکە بە دەستەوە دەگرێت و سەرهەڵدەبڕێت).

نا. ناتوانم بخەوم. ئاخر ژان دەمگرێ، ژان، ژانی ( دەست دەکاتەوە بە نووسین ،،لەدڵی خۆیدا ،،

ژانی خەیاڵێکیتر . سواری ئەسپە شێی خۆزگە یاخییەکان دەبمەوە. ئەمجارە لەدەشتێکی ترەوە. لە هەورازێکیترەوە، دێمەوە کیشوەرەکەی ئێوە.

سنوور لەدوای سنور دەبڕم، هەرچی سەربازی چەقیندراوە چەکی پێدادەنێم. تاوو دەدەم تا جێژووانەکەی جاران. بۆساتە وەختێك وەك مناڵێکی برسی، لەشیری ئەوین تێردەخۆمەوە. مەست ئاسا ئارام ئارام لەئامێزتدا دەنووم. بەڵام هەرکە دەکەوینە ڕێ، ئەسپەشێ بریندارەو لەلوولەی مەرگ ترساوە. دوا فرمێسك لە چاویدا قەتیسماوە.

هەرچەندە هیز دەداتە بەرخۆی، بەڵام درەنگەو ئەژنۆکانی لەهیز کەوتوون. ناچار دەبین ملی ڕێگەی مانونەمان بەدەشتو کێواندا بگرینە بەر، تادەگەینە دەرگەی سنوور. دەرگەوان لوولەی مەرك دەکاتە دڵمانو، داوای بەڵگەی یاسایی دەکات،

پاشان سورانە. بەلام سوورانەی سنووری نیشتیمانی پیرۆز ئێستاکە وەك جاران نی‌یە ! ناتبەنە دیواخانی ئاغا، تا میش‌و مەگەزی حەزی لەهەنگوینی کچێنیتدا تێرکا. یان وەك گورگی برسی کەڵبە بژەننە ناو گەڵت.

نا..نا..ئێستاکە سوورانەی ئەم نەزمە نوێیە، دەبێ شیلەی گیان بدەی، تا کاکەکان، مامەکان و ، لە کۆشکە سپی‌و شین و بۆرەکانی تورکیاو ئۆروپاو ئەمریکادا، هیلاکی‌و ترس‌و تورەیی بەرەکانی شەڕ، بەسەر کچە مێردمناڵە تایلەندی‌و پۆلۆنی‌یەکاندا دامرکێننەوە. ئاخر ڕێبوارانی سەرسنوور زۆرن. بووك‌و زاوای هەڵهاتوو زۆرن. فریا ناکەون لەدیوەخانە بەکەللەسەر هەڵچنراوەکاندا شەوانی سوورانە گەرم کەن. یان لەوانەیە ترسی نەخۆشیەك بێت لەبووکە هەڵبزرکاوەکانەوە کە بوونەتە خۆراکی دێوەزمەی ئابلۆقەی ئابوری نەکا جەستەی پیرۆزیان کرماویکا.

خۆ ئەگەر بڵێی کاکی قارەمان خۆمن کارگەی قیرەکە یا پەنگەی پەخمەو کارگەی ئاوەتەماتەمان ئاودیونەکردووەو بازرگان نیم تاباجم لەسەر دانین. خۆمن لەئۆروپا تۆری کرین‌و فرۆشتنی ژنانم نی‌یە، لەوێش هەر کۆیلەی سەروەرەکانی ئێوەم. خۆشەویستی خۆمەو گراوی خۆمە، دەمهەوێ لەتەکمدا بژی ... پاسەوان ڕۆبۆت ئاسا بێ‌یەك‌دوو بەسەرماندا دەگوڕێنێ:

بڕۆ بابە بڕۆ، خوشەویستی چی‌و، گراوی چی. لەیل‌و مەجنونە ! زووکە دەی، خواخوات بێت یەکێ لە مەسنولەکان لەم ناوە پەیدا نەبێت. خۆت دەزانیت، ئەم ژنەجوانە ببینێت ئەوکات ئیتر... (موچرکێك بەلەشی‌دا دێت ، بە پەلە دەنووسێ) .

: خێراکە دەی ! یارمەتی حکومەتی ساوای هەریم بدە "

( ماسوولکەکانی گرژ دەبن و هەڵدەستێتەوە و ڕوو لەبینەران)

بەڵێ ئازیزانم، ئا بەم جۆرە دەبێت سوورانە بدەین سوورانەی سەردە م."

# چەك و قەڵەم

## حەمەسەعید حەسەن

محەمەدی حاجی محموود لە بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانیدا باسی پێشمەرگەیەك دەکا کە تاکێ پێڵاوی لەکاتی چالاکییەکدا لەو قوڕە خەستەی شارەزووردا لێ بەجێدەمێنێ، ئیدی هاوسەنگەرەکانی هێندە سەر دەکەنە سەری ناچار چەك دادەنێ و ڕوودەکاتەوە شار.

پارە پارە ڕادەکێشێ، زەبرو زەنگ زەبرو زەنگ دەخوڵقێنێ و قسەیش قسە دێنێ. ڕەحیم تەپەڕەشی تازەکی هاتبووە چیا، تفەنگێکی ژەنگنی پێ بوو، دەتتوانی بێ دڵەڕاوکێ و ترسو لەرز ئاراستەی سنگی برای شیرینی خۆتی بکەی. هێشتا نە بەشداری هیچ چالاکییەك و نە تەقەی لە هیچ نیشانەیە کردبوو. ڕۆژێکیان لەگەڵ هەندێ پێمیمدا بە بەرۆکی چیای سوورێنەوە لە ژێر درەختێکدا پاڵدەکەوێ، شەرع شەرمی بۆ نییە لەناکاو بایەکی لێ بەردەبێتەوە.

ئیدی ئەوە یەکەمین تەقەو دوا تەقەی ئەو دەبێ لەم شۆڕشە نوێیەدا. ئاخر هەر ئەو ڕۆژە شاعیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕی قۆشمە کە پێشمەرگەی هەمان کەرت و گوێبیستی زرمەکەیش دەبێ ئەو ڕووداوە لە شیعرێکدا بەرجەستە دەکا:

**هاوڕێی تێکۆشەرم ڕەحیم**
**شەققەی بای دەنگداری ئێوە**
**شادی بەخشە**
**بە دەروونی پێمیمەکانی ئەم کێوە،**
**پاڵکەوتبووی گرمەی هێنت وا گەورە بوو**
**ئاخۆ زرمەی چۆن بێ ئەگەر**
**یەکێ لێ بدەن بە پێوە؟**
**لە تاو تۆپ و خومپارەی تۆ**
**چ قورەتە ڕوو لێرەکا**
**ئەگەر شێرە، ئەگەر دێوە،**

**لوولەی چەکت**
**با ڕووی لەچەمی زەڵم بێ**
**دوژمن نیازی**
**هێرشی هەیە لەوێوە،**
**ئەگەر ویستت چەك فرێدەی**
**لەناو شارا**
**ئاگاداری پاشەڵت بی**
**هێن گیانداریکی بزێوە .**

شیعرەکە بە لای پێشمەرگەکانی کەرتەکەوە ئەوەندە جوان و ڕەوان دەبێ، هەموو لەبەریدەکەن . هەر ئەو ڕۆژە فەرماندەی کەرت بە هۆکی تۆکی دەیدا بە فەرماندەی تیپ، سەرتیپ بە ڕاکاڵ دەیدا بە مەڵبەند ، فەرماندەی مەڵبەند بە سەرکردایەتی، جێگری سکرتێر بە ئێزگەی شۆڕش، هەر ئەو ئێوارەیە دوا بەدوای چالاکییەکانی پێشمەرگە فەرید گەرمیانی بە دەنگە دلێرەکەی لە سەرەتای بەرنامەی ئەدەبی بەرەنگاریدا پێشکەشی جەماوەری فراوان و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی دەکا.

لەبەردەم ئاگری بلاوبوونەوەی ئەو شیعرەدا ولات دەشتێك بوو لە پووش . ئەو شیعرە ناوچە ئازاد کراوەکان لەژێر پێی ڕەحیمدا دەکا بە دۆزەخێکی ڕاستەقینە . ئەو ئەگەرچی بە چیایە ورەو دەریایە بڕاوە ڕووی کردبووە شاخ و پێش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە چەند جارێ گوتبووی: خەبات چەند درێژە بکێشێ منیش وەکوو کێوی سوورێن، ئەم دەڤەرە بەجێناهێڵم و ئامادەم بە تاقی تەنیا بەگژ هەموو داگیرکەراندا بچمەوە، بەلام زەبری شیعرەکە هێندە گورچکبڕ دەبێ، نەك هەر چەکی تێکۆشان لە شانی دادەماڵێ بەڵکو ڕەوانەی هەندەرانیشی دەکا .

ڕەحیم لە سوێد دەگیرسێتەوە، کۆشکێکی زۆر دەکا و کۆڵنادا تا خۆی لە هەندێ شاعیری ناسراو نزیك دەخاتەوە و ناو بەناو بەردەستیان دەکا، ئەمیان دەگەیێنێتە فڕگە، ئەویان دەبا بۆ بەندەر، ئەمیان دەینێرێ بۆ پاکەتێ، ئەوی تریان بۆ شەربەتێ .

خوا هەڵناگرێ ئەویش تا بلێی لە شسووك دەبێ، هەر کە شاعیرێ کارێکی پێ

دەسپێری، وەك كێچ ڕادەپەڕێ و ماندووبوون ناناسێ .

چونكە كەس لە عەقڵی خۆی ناڕازی نییە، ڕەحیم بەوەی ناسیاوی لەگەڵ هەندێ شاعیردا دەبێ، پێی وا دەبێ خۆیشی بووە بە شاعیر، جارێكیان هەندێ قسەی هەلەقومەلەق بە هەزار شەڕەشەق پێكەوە دەلكێنێ و بانگاشەی ئەوە دەكا كە شیعری چینایەتی نووسیوە . شاعیرێكی قسە لەڕوو كە زوو زوو ڕەحیمی دەنارد لە كۆمەڵەی كولتووری كوردی ڤۆدگای قاچاخی بۆ بكڕێ، خۆی پێ ڕاناگیرێ و پێی دەڵێ: (نە وشەی ناشیرین دەتوانێ لە ڕاژەی مەسەلەیەكی جواندا بێ و نە شیعری پۆخڵیش دەتوانێ خزمەتی مەسەلەیەكی خاوێن بكا . )

ڕەحیم كە لەبواری شیعری تەبەقیدا تووشی نسكۆ دێت، خوو دەداتە شیعری شەبەقی، لە بابەتی:

**بۆ ماچی ناوەدەمی ئەو ژنە گۆشتنە**
**پساوە گوریسی ئارامم**
**جگەرم كون كونە .**

لەم ئەزموونەیشدا هەر تووشی هەڵدێران دێت، شاعیرێك كە ڕەخنەیش دەنووسێ و نووسینەكانی سەرچاوەیەكی گرنگی خۆپێگەیاندنی ڕەحیم دەبن، بە ڕاشكاوی پێی دەڵێ: (ئێرۆتیكایش وەك شیعری سۆڤ خونچەیەكە تەنیا لە باخی خۆشەویسیدا دەپشكوێ، ئەوی دڵی كانیاوی ئەوین نەبێ ناتوانێ شیعری نەمری دڵداری بنوسێ.)

ئیدی ڕەحیم تەواو قوشقی دەبێ، چونكە هیچشی نابێ تا لە كیسی بچێ، لەم لا و لەو لا دەكەوێتە درۆ هەڵڕشتن و جنێو فرۆشتن . ماوەیەكە بە دەم ڕێگاوە لەبەرخۆیەوە دەڵێ: هیچ بلیمەتێ لەنێوان هاوولاتییەكانی خۆیدا دان بە توانایدا نانرێ، منیش وەكوو هەموو ڕووناكبیرە مەزنەكان لە ناو شاعیرە بێسەوادەكاندا هەست بەنامۆیی دەكەم . ڕاستە بیست ساڵ لەمەوبەر كۆلكە شاعیرێ توانی چەكم پێ دابنێ بەڵام هەموو كەڵە شاعیرانی دنیا ناتوانن قەڵەمم پێ دابنێن .

١٩٩٩-٩-٨

# بەخیلی بەخیلان

**ئاپە**

هەر هێندەی ووتم چۆنیت، خەریکی چیت، ئیتر مەپرسە، دەتووت چەند ساڵە قسەی پاشەکەوت کردووە، تاوەکو من لەو سەرە ڕێیە ڕاگرێت.

چەندجار قسەکانم پێ بڕیو پێم ووت: کاك . من کارم هەیەو درەنگمە، فریای شتراسبانەکە ناکەوم، بمبوورە دەڕۆم. بەڵام وی وەها زمانی پژابوو دەتووت لەسەر سەکۆیەو بۆ جەماوەری چەندملیۆنی ووتار دەدات، خۆی لەبیرکردبوو. جارجارە پلاری لەڕێبوارانیش دەدا :

– سەیر سەیر ئەڵێی نانی باوکیانم خواردووە، چۆن مۆڕەم لێدەکەن، بابینە گەڕ دەزانن من لە وولاتی خۆمدا چ پاشایەك بووم ئێستا وەها بوومەتە سواڵکەری بەلەدیە؟

هێندەیتر پەستی کردمو خۆمم پێ ڕانەگیراو ووتم قوربان پاشای کوێ بوویت ؟ لەوەڵامدا ووتی بێقەزابیت تۆش کەی وەختی گاڵتەکردنە، من مەبەستم ئەوەیە کە لەلای خۆمان چەندە خۆشەو چەندە مرۆڤ هەست بەبوونی خۆی دەکات. تۆ سەیرکە من لای خۆمان مامۆستا بووم، خانووی خۆم هەبوو، ڕەفیقی چاکم هەبوون، دەشم ویست سەیارە بکڕم. بڕوات هەبێت فلانە کەس بەدەمی خۆم نەبێت پاشایانە دەژیام، دروسێکانم بەخیلییان پێدەبردم. خۆت دەزانی خەڵکی نەدیوبدیو لادێی چەند چاو برسینو بەهیچ تێر ناخۆن، چاودەبڕنە ماڵی خەڵکانیتریش. ئای بۆ ساتێکی سەرچنارو مەستکرنێکی ( معلمین ) خەڵکی لای خۆمان چەندە بەشەڕەف بوون، پیاو قیمەتی هەبوو. خۆلێرە ژن چوزە بەقونی پیاوەوە دەکات. بەڕاستی من بێزارمو ساتێکی ئەو کوردستانە نادەم بەگشت ئەوروپا .

هێندەیتر پیشم خواردەوە، چەند ساتەوەخت منی ڕاگرتووەو قسەی بێمانام بۆ دەکاتو شتراسبانەکەی لەدەستکردم، ئاخر هەڵا هەڵا لەکارخانە بەپەلە پڕوزکێ دەرچۆو تاوەکو فریای دکتۆر بکەویت، چوزانم بەڵایەکی وەهام لێ پەیدا دەبێتو

ڕێسەکەم دەکاتەوە بەخوری. من لەناخمدا پیشی لێدەخۆمەوە، کەچی زۆر بەخوێن ساردی‌یەوە ووتی: ئەڵێی پەلەتە، ئەوەخەیرە ؟ لەوەڵامدا ووتم: نەخێر، چتێکی وەها نی‌یە، دەمەتەقێی وەهاش لەسەر شۆستە خۆسە. کوتمە سەروگوێلاکی:

باشە کاك . ئێوە بۆچی ئەو کوردستانە ڕەنگینەت بەجێهێشت، هێندەی خوشم بزانم جەنایتان لەهیچ کەمتان نەبوو. هەمیشە دوور لەسیاسەت‌و سیاسەت بازی بووی. تێناگەم چۆن ڕێگەی سەفەرێکی وەها نابەدڵتان گرتەبەرو، خۆتان واتەنی ملتان‌دا بە سوالی سۆشیال‌و . .

بەڕاستی غەدر لەخوتان دەکەن. ئێوە ماناو ئەم ژیانەیان نەووتووە. بەڕاستی سەختە کەسێکی وەك ئێوە کەخۆت واتەنی تادوێنێ لەسەر مێزی جەبار فرمان‌و کەریم سنجاری بوویت. وابزانم جارانیش لەگەڵ ( ملازم خالد)دا دادەنیشتن، کەچی ئێستا لە ژوورێکی هایمدا لەگەڵ خۆت واتەنی چەند چلێس‌و نەفس نزمدا دەیساچێنی ؟

دەبێت بارێکی زۆر دژوار ناچاری کردبی کوردستان‌و شەرەف‌و ناموس‌و حکومەتە ساواکەی بەجێ بهێڵیت. زۆر دژوارە وانی‌یە؟ بەڕاستی تێناگەم ئەو نەدیوبدی‌یانەی کەتاوەکو دوێنێ چاویان لەپاشایەتی ئێوە بوو، لەبرسی‌یەتی‌و بێ خانەو لانەی‌و ترسی شەڕو تیرۆری حەرەکەو یەکیتی‌و پارتی‌و بەعس‌دا ئاوارەی ئێرۆکانە بوون، ئەی جەنابانی وەك جەنابتان بۆچ، ئەترسم لەبەخیلی بردن بە خۆشگوزەرانی نەدی‌و بدی‌یەکان لێرۆکانە ( لەگەڵ دەربڕینی ووشەکانمدا ڕەنگی ڕەش هەڵدەگەڕاو لەبێدەسەڵاتیدا دەلەرزی) بێناز کەوتوون ؟!!!

وەك تەقینەوەی هاوەنێك وتی: ئاخخخخخخخخخخخخخخخخخخخخ لە کوردستان نەتم ناسی تاوەکو بت م

# دڵنیایی

حەمەسەعید حەسەن

لە زەیتون: ڕۆن،
لە مێخەک: بۆن،
لە گەنم: نان،
(لە ماچ: ئینسان
پەیدا دەبێ،)*
لە زەبر و سەرکوتانەوە:
تەقینەوەی چەوساوەکان
پەیدا دەبێ.
پاڵە: بەرهەم،
تەنیایی: خەم،
سامان: ستەم
دەخوڵقێنا،
ناکۆکی نێوان چینەکان:
گڕکانی قینی هەژاران
دەتەقێنێ.
لە دوای شەوی ئەنگوستەچاو:
تاڵی زێڕینی خۆرەتاو،
لە دوای بەستەڵەکی زستان:
کانیی وەکوو چاوی قرژانگ،
دوای ئازاری دژواری ژان:
منداڵی جوان
سەرهەڵدەدا،

لە دوای کڵپەی ئەم دۆزەخەی ئێستەی جیهان:
شنەی شەماڵی بەهەشتی چەوساوەکان
سەرهەڵدەدا.

١٩٨٩

پۆل ئێلوار

# هـــــــــاژە

حەمەسەعید حەسەن

گوڵی کراسەکەی بەرت،
خوێنی گەشی هاوڕێ کرێکارەکەمە،
پارچەکانی ئوتومبیلە قەشەنگەکەت،
پەنجەی قرتاو،
دەستی بڕاو،
ئەندامانی تری لەشی هاوڕێ کرێکارەکەمە.

بناغەی کۆشکە بەرزەکەت
لەسەر لاشەی هاوڕێ کرێکارەکانم هەڵچنراوە،
ئەو جۆلانەیەی لە ناویا دێت و دەچی
هاتوچۆی بە پەلەی خوێن و
ترپەی دڵی کرێکاران،
ئاوازەکەیان داناوە.

ئەو شەرابەی لەپەرداخی کریستالاً نۆشیدەکەی،
بەری ئارەقە و جواناوی هاوڕێ کرێکارەکەمە،
پرشنگی ئەو ڕستە
مروارییەی بەناز
لە هەواری گەردنە بێگەردەکەتا
بارگەی ئارامی خستووە،
پریشکی گیانی سووتاوی هاوڕێ کرێکارەکەمە.

ئاشنایەتیت لەگەڵ ژیانی بێئەرکا
ئەنجامی ئەو دۆستایەتییە پتەوەی
نێوانی کرێکاران و ماندووبوونە،
هەر قا قایە لە ناختەوە سەر هەڵدەدا و
بەرەو ئاسمانی ساماڵی بەختەوەریت
دەفڕێ قرچەی سەد دەروونە.

شەوانە کە دەست دەکەیتە
گەردنی خەوێکی قووڵ و بێ خەم دەنووی،
هەر کرێکارە و گوێی کاسی تەقو هوڕی ئامێرە،
هەر کارگەرە و بێدارە وەك ئەستێرە.

ئەوە هاژەی چەمی خوڕ و ڕووبارە ؟
یا ڕەوتی ڕووەو ئامانجی کرێکارە ؟

١٩٧٩

# هــۆ خــوشــکێ گـیــان

حەمەسەعید حەسەن

کاتێ زامی سنگی ئەختەر دێتەوە سوێ
لە یادمای
هۆ خوشکێ گیان،
کە جەمیلە ئازار دەدرێ
لە یادمای
هۆ خوشکێ گیان،
کە ئەنجیلا
لە زیندانێکی نووتەکدا
بێ خەم دەنوێ
لە یادمای
هۆ حوشکێ گیان،
هاوڕێی خەباتی شەقام و
لوتکەی چیاو
چەقی زیندان.

* * *

دە یاخیبە لەو کۆمەڵەی
وەکوو ئینسان بۆت ناڕوانێ،
دەیاخیبە لەو کۆمەڵەی
بە ئینسانی پلەی دووەمت دەزانێ،
دە یاخیبە لەو یاسایەی
گوێ بۆ دەنگت ڕاناگرێ،
دە یاخیبە لەو یاسایەی
وەك چۆلەکە سەرت دەبڕێ،
دە یاخیبە هۆ خوشکێ گیان
هاوڕێی خەباتی شەقام و
لوتکەی چیا و
چەقی زیندان.

١٩٧٩

# هەستانەوە

ژاک پرێ ڤەر

و. لە فارسیەوە: ئاپە

من ئەمەوێ بمرم
من ئەمەوێ ملیاردێ جار بمرم و
لە دونیایەکا زیندوو ببمەوە،
کە هاوسێکان بەیەك ئاشنا بن و،
خەڵکیش
گشت ڕەنگەکانیان خوش بوێن.
ئەمەوێ لە جیهانێکا زینوو ببمەوە
کە عیشق ، بە نرخی خەندە بێ .
پیاوان ، نەمرن
ژنان ، نەگرین
منالان هەموو باوکی خۆیان نازکەن.
دادپەروەری باخێ بێ،
کە خەڵك تێیدا سێوی یەکسان بخۆن.
یەکسان بژین و ،
یەکسان بمرن.
من ئەمەوێ لە جیهانیکا
هەستمەوە
کە هیچ کەس جارێ زیاتر نەمرێ

* لە پەرتووکی" همچون کوچەای بی انتها"وەرگیراوە
ترجمە : احمد شاملو

# سۆزانی نەزم

ئاپە

چاوە تیرسەوزەکەت ؛
وەك منالی زەندەق چوو
لەمەرقەدی شیخ و
چاوە ڕێوی لە شەوە زەنگا
لێی ئەترسم،
ناوێرم سەرێ هەڵبڕم؛
تۆ گیانم .. دڵم ..
مێشکم دەخۆی
تۆ جادووگەری!
زەرق و بریقی
کراسە والاکەت،
سەرنجم ڕاناکێشێ
سالەهایە باوەڕم
بە نووشتەکانت نەماوە؛
لەوساتەوەی
هەست و سۆزت فریوداوم
ڕووخساری زەرد هەڵگەڕاوت
هەوەسم نابزوێنێ
ماچی لێوی مۆرت
ناشکێنێ تاسەم
تازە تۆ
سۆزانی نەزمی
لەرەی سمت و مەمت
هەوەسی خوا ئەبزوێنێ
چیت لەمن داوە، بڕۆ
لەبازاری تۆدا
خەون و خەیالی من
ئافەرینێکی پاشایانە نایێنێ
بڕۆ دەست لەبەرۆکی من بەردە
لەئاهەنگی کۆیلەتی خۆتدا
سەما کە بۆ مردوان
تا خودا لە قورئانا،
بە چاکە ناوت بێنێ.

٢١-٩-١٩٩٩

## " گەردە لوولی ئاشتی "*

ئاپە

ئەم ئێوارەش
هەور سوورو
با ڕەش بەقین
ئەستێرەکان ..
کز ئەسوتێن،
تۆفان هەستاوەو تورە
شەپۆلەکان گێچ ئەخۆن
خەو لەچاوی ژیان دەزڕێنن؛
شەمشەمە کوێرە ..
مانگ ڕاوئەنین،
گورگ گەل .. چاو لە مێگەل
ڕێوی و چەقەڵ بۆ گەندە خۆری
دێن بە لوورە؛
بۆ پەزان ..ژیان
ترسی ڕەش
بۆ گورگی هار حەزێکی تورە
بێ چاوەزار ،
جیهان بێ چاوەزار
ئاسمانێکی بێ سنوورە

ئایاری ١٩٩٩

*هێرشی ناتۆ بۆسەر یوگوسلاڤیا

# بەخت

ئاپە

ساڵە هایە ..
پێ بە پێت،
لە دووت دێم و
لێت دەگەڕێم.
کەچی تۆش،
خۆت حەشارداوە؛
پێش ئەوەی من بێم.
ئاوەژووی بورجم
سوڕایی و بەفێڵێت لێم.
هەنگاو .. هەنگا و
بەرەو نامۆیی و
بێگانە خۆیی
وێڵ و خانە خراو؛
لە کاروان جێمام
سەرابێ بووی
تینوو ئاسا
پێت خەڵەتام
هەر هاتم و پێت نەگەیم
تا ئەژنۆم کوتە لەرزە
لانەت تێکدام،
وەك بومەلەرزە
خیابانت کردە سەرپەنام

١٩٩٩-١٠-٢٥

# مەزهەب، هونەر و مارکسیزم

"ئەلیکساندەر باکدانف" بەشی یەکەم

ئەلیکساندەر ئەلیکساندرۆڤیچ مالینڤسکی "باگدانف" لە (١٠ی ئۆگوستی ١٨٧٣) لەخێزانێکی شەش کەسیدا لەدایك بووە. ئەم ساوا دووەمەی خێزانەکەی ڕۆژانی منداڵیو ئامادەیی خۆی لەشاری (تولا) بردە سەرو دواتر چووە خوێندگە پزیشکی زانکۆی مۆسکۆ. لە زانکۆ (و.بازارۆف) و (ئا. ئیسبانوف)ی ناسی کەبەرهەمی ئەم ووتووێژانە، بۆ خوێندکارانی لاو، ڕەتکردنەوەی بیری پۆپۆلیستی نادرۆنیکەکان بوو. ١٨٩٦ لەگەڵ ڕەتکردنەوەی پۆپۆلیزم ڕووی لە سۆشیال دیموکراسی نا. لەم ڕۆژانەدا لەمۆسکۆ وە بۆ (تولا) دوورخرایەوە. گەڕانەوەی وی بۆ (تولا)، ئەوی بەیەکێك لەگرنگترین کەسایەتییەکانی نێوژیانی خۆی ئاشناکرد. ئەوی بەکارگەرێك کە لەکارخانەی چەك دروستکردنی(تولا) کاری دەکرد ناساند. (ئەی ئەی سۆڤلیف)ی کارگەر لەژێر کارایی بیری سۆشیالیستیو سەندیکالیستیدا بوو، باگدانفی بردە نێو جەرگەی کارگەرانی هوشیاری کارخانەی چەك دروستکردنی(تولا). بەرهەمی یەکخستنی باگدانف بەم کۆمەڵە کارگەرییە دوو شت بوو: یەکەم، بەدوای کۆبونەوەکانی لێکۆڵینەوەو ووتارەکانی باگدانف دا لەبارەی ئابووری سیاسییەوە کارگەران بەرەخنەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان هاوەڵیان دەکردن. لە ساڵی١٨٩٧دا یەکەمین بەرهەمی ئەو بەناونیشانی (وانە کورتەکانی زانستی ئابووری) چاپکرا کە لینین بەگەرمی پیشوازی لیکردو سەرنجێکی لەشیوەی ووتارێکی دەستخۆشانەدا لەژمارە چواری بلاو کراوەی (میربوزشی)دا لە١٨٩٨دا لەسەر نووسی. بەلام خالی دووەم: لەژیانی باگدانفدا کارایی زۆرتری دانا. لەژێر کارایی دەستەی کارگەرانی (تولا) و بەتایبەت تایبەتمەندییەکانی کەسیتی(ئەی ئەی سۆڤلیف)، باگدانف گەیشتە ئەم بڕوایە کە کارگەران توانای بەدەست هینانی هوشیاری کۆمەڵایەتییان هەیەو ڕزگاری وان تەنیا بەدەستی خۆیان دەبێت. ئەنجامی پێشووتری ئەم تێڕوانینە

باوەڕی باگدانف بوو بەتێکهەڵکێشانی مارکسیزمو سەندیکالیزم کەبەر لەو (ئەنتۆن پانەکۆك) و(ئەنتۆنیۆ گرامیشی) کۆمۆنیزمی شوراییان پیکەوە نا.

لەگەڵ دووبارە گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ، بەشێوەیەکی چالاك لە بازنەی سۆشیال دیوکراتەکاندا کەوتە چالاکیو ئەنجامی ئەم ووتوێژو هەوڵە ڕۆژانەیە یەکەمین بەرهەمی فەلسەفی وی (هۆکارە بنچینەیییەکانی تێروانینێکی مێژوویی لە سروشت) بوو کە لەساڵی١٨٩٨دا نووسی.

لەگەڵ تەواوکردنی خولی پزیشکی زانکۆی مۆسکۆ دووبارە دەستبەسەر کرایەوە. شەش مانگ لەمۆسکۆ سێ ساڵ لە (ڤۆلگاڤا). لەم ڕۆژانەدا لێکۆڵینەوەکانی وی و کۆمەڵێك لە فەیلەسوفە لاوە سۆشیال دیموکراتەکان کە هاوکاری ئەویان دەکرد توانیان کۆمەڵەیەکی فەلسەفی لەڕەتدانەوەی تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی گروپی فەیلەسوفە ئایدیالیست – لیبراڵەکانی ڕووسیە (گروپی نوێنەر) لەوانە (بردیایف)، (فرانك)، (ئیستروە) و چاپ بکەن.

ئەم کۆمەڵە فەلسەفییە کە لەلایەن (باگدانف) وە ئامادەکرا بوو لەژێر ناوی (پێشەکی پێشنیاری فەلسەفەیەکی ڕیالیستی لەژیان) لە ١٩٠٢دا چاپکرا. دوای هەژدەمانگ پرۆڤەی ئەرکە پزیشکییەکان لەنەخوشخانەی (دەروونناسی) مۆسکۆ (باگدانفی دەروونناس) لەگەڵ سوشیال دیموکراتەکان لەوانە (لۆناچارسکی)، (پرۆکۆڤسکی)، (بازارۆف) وهیتر یەکێ بوو لەدامەزرێنەرانی بڵاوکراوەی (پراڤدا– ڕاستی). خولی یەکەمی پراڤدا لە ١٩٠٣هەتاکو ١٩٠٥ باگدانف سەرنووسەری بوو.

پاییزی ١٩٠٣ لەناکۆکی بۆلشەڤیك و مۆنشەڤیکەکاندا، ،،باگدانف،، لەڕیزی بۆلشەفیکەکاندا مایەوە. بەهاری ١٩٠٤ لەڕووسیەوە چووە سویسراو لەوێندەرێ پەیوەست بوو بەلینین دوە. (لەکونفراسی)٢٢ی پارتی سوشیالدیموکراتدا (باگدانف) وەك یەکێ لە ئەندامانی ناوەندی گروپی بۆلشەڤییەکان هەڵبژێردرا. بەم بۆنەیەوە ئەو یەکی لە هەوەڵین دامەزرێنەرانی ناوەندی بۆلشەڤی بوو. لەم ڕۆژانەدا مۆنشەڤیکەکان

هێرشــی ڕاســتەوخۆ و فەلســەفیان لــەدژی وی دەســت پێکــرد. (پلیخــانۆف) و لــەو سەرسەختتر (ئێکسللرود . ،،بەناوی خوازراوی ئورتودوکس،،ەوە (باگدانف)یان وەك کادری ناوەندی بۆلشەڤی‌یەکان لەبەر بیرە فەلسەڤی‌یەکانی دایەبەر هێرشی توندوتیژ، نــاوەڕۆکی هێرشــی مەنشــەڤیکەکان لــەو ڕووەوە بــوو کــە (بــاگدانف) لــە مارکســیزم دابـڕاوە. بلاّوکـراوەی (ئێسـکرا) کـە کـەوتبووە ژێردەسـتی مۆنشـەڤیکەکان، لـەژمارە حەفتای ئەم بلاّوکراوەیەدا نامەیەکی تایبەتیان دژی بیرە فەلسەفی‌یەکانی (باگدانف) بلاّوکردەوە.

لـەم تایبەتنامەیـەدا (بـاگدانف) بـە ئایدیـالیزمی فەلسـەڤی‌و ڕەتدانـەوەی فەلسـەڤەی مارکسیسـتی تاوانبـار کرابـوو. ڕەخنـەش لـە لینـین گـیرابوو کـە چـۆن بـاگدانف وداورودەستەی وی‌یان لەناوەندی بۆلشەڤی‌یەکاندا ڕاگرتووە.

لەکۆتـایی ١٩٠٥دا (بـاگدانف) گەڕایـەوە ڕوسـیەو بەشـێوەیەکی چـالاك لەبەشـە ناوخۆی‌یە بۆلشـەڤی‌یەکاندا لەشـاری (سـانپترزبۆرگ)دا کەوتـە چالاکی و لـەم ڕووەوە ( سانبترزبورك) بووە ڕادیکاڵترین بەشی پارتی بۆلشەڤیك بەهاری ١٩٠٥ لەسـێیەمین کۆنگرەی پارتدا لە لەندەن ڕاپۆرتێکی لەسەر پێویست بوونی ڕێکخستنی چەکدارانەی پارت پێشنیارکرد. لـەم کۆنگرەیـەدا ئـەو وەك یـەکێ لەهـەوەڵین ئـەندامانی کۆمیتـەی ناوەندی پارتی بۆلشـەڤیك هـەڵبژێردرا. لەم پـەیوەندەدا ئـەو وەك یـەکێك لەنوێنـەرانی بیریاریی بۆلشەڤیکەکان لەڕێکخستنی کارگەری (سانپترزبۆرگ)دا بۆ وەستانەوە دژبە مۆنشەڤیکەکان دەستنیشانکرا.

دواتر لە٢ی دێسەمبەری ١٩٠٥دا دووبارە دەستگیر کرایەوە بەلاّم بە بارمتە ئازاد کـرا؛ بـەئازادبوونی وی دەسـتبەجێ لـە(کوڵگـا) بـە (لینـین)ەوە پەیوەسـت بـوو و هەردووکیان پیکەوە لەسەر پێشنیاری بۆلشەڤیکەکان لەدوما دەست بەکار بوون. ئەو یـەکێ لەپێشـڕەوانی بـایکۆتی دوّمـای سـێیەم بـوو. ئـالێرەدا بـوو نـاکۆکی سیاسـی‌و دواتر فەلسەفی ئەو و لینین ڕیشەی داکوتا. لەم ڕۆژانەدا دژایەتی توندوتیژی نێوان

لینین‌و باگدانفیستەکان دەستیپێکرد و بەرهەمی ئەم دژایەتی‌یە پەیدابوونی گروپی پیشرەو(ڤپریدڤی)ی بوو. (لۆناچارسکی)، (ماکسیم گۆرگی)و تەنانەت (بوخارین) لەلایەنگرانی (باگدانف) بوون. لە١٩٠٧دا چووە هەندەران‌و وەك یەکێ لە سێ ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی (پرۆلیتێری ئۆرگانی بۆلشەڤیکەکان) لەگەڵ (لینین)و (ئینۆکنی) دەستبەکاربوو. لە١٩٠٩دا ناکۆکی‌یە سیاسی‌و فەلسەڤی‌یەکانی وی لەگەڵ لینین گەیشتنە لووتکە. وەلەم سەردەمەدا (باگدانف)و (ل.کراسین) وەك چەپرەوەکان لەناوەندیی بۆلشەڤیکی پارت کرانە دەرەوە. لە١٩١٠دا بەدوای پێشنیاری لینین لەسەر هاوکاری لەگەڵ مۆنشەڤیکەکان بەتایبەت گروپەکەی (پلیخانوف)، (گروپی یەکێتی خەباتی ئازادی کار) کە لە (ئێکسللرود)، (دێڤید ریازانۆف)، (نیکۆلای م.دبورین) وەك پیشرەوانی بیریاری هاتبوو، (باگدانف) لە (کاپری) لەگەڵ لینین کەوتە مشتومڕێکی توندوتیژ کە بەدوای ئەوەدا لە کۆمیتەی پارتیش کرایەدەرەوە. ساڵی١٩٠٩ دوابەدوای دەرکردنی لەناوەندی پارت، (باگدانف) لەگەڵ هاوڕێ هاوگروپەکانی (گروپی پێشرەو) دەستیاندایە ڕێکخستنی فێرگە کارگەری‌یەکانی کاپری‌و پۆلۆنیا. کە لە ڕێکخستنی ئەم فێرگانەدا لۆناچارسکی، پرۆکڤسکی، گۆرگی، ئێستپانف، و بازارۆف هەڵسوڕاوبوون.

(ترۆتسکی)، (کولونتای) و و کۆمەڵێکی‌تر لە کادرە بۆلشەڤیکەکان لەلایەنگرانی ئەم فێرگانە دادەنرێن.

لەم ڕۆژانەدا گروپی (ڤبریدڤی) پلاتفۆرمێکیان بەرزکردەوە کەتێیدا گرنگی ڕێکخستنە سۆڤیەتی‌یەکانی کارگەران‌و ڕاهینانی کارگەران لەسەرخەتی ئامانجە پارتی‌یەکاندا دانابوو. لەوکاتەوە (باگدانف) ژیانی خۆی کردە پێناوی ڕاهێنانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کارگەران‌و بەتەنیا لەبڵاوکراوە کارگەری‌یەکان‌و (پراڤدا)دا دەستیدایە نووسینی ووتاری هەڵخڕێنەرانە بۆ کارگەران. ١٩١٤ بەگەڕانەوەی بۆ ڕوسیە لەبەرەی شەڕدا وەك پزیشکێك کەوتە پروپاگەندەی بۆلشەڤیکی. دواتر لەگەڵ

شۆڕشی ١٩١٧دا وەك هەوەڵین دامەزرێنەرانی ئەكادیمیای زانستی سوشیالیستی لە بزووتنەوەی پرۆلیتارییدا دەركەت.

لە١٩٢٢دا بەفەرمانی لینین ، (باگدانف) خرایەسەر دووریانی، یان ڕاگرتنی چالاكی وەك ڕابەری بزووتنەوەی پرۆلیتیری وەیان هەڵبژاردنی دوورخرانەوە بۆ دەرەوەی ڕوسیە كە ئەو یەكەمیانی هەڵبژارد. بەڕاگرتنی چالاكی وی لەبزووتنەوەی ڕۆشنبیری پرۆلیتاریدا ئەم بزووتنەوەیە دواتر لە ١٩٢٤دا ناوی گۆڕا بە ئەكادیمیای زانستە كۆمۆنیستییەكان و تا ساڵی ١٩٢٩دا بنەچەی لەلایەن ستالینەوە دەرهێنرا! لە١٩٢٣دا (باگدانف) بەپێی پیشەی پزیشكی دەستیدایە دامەزراندنی یەكەمین دامەزراوەی گواستنەوەو پاراستنی خوێن لەدونیادا. ١٩٢٨ وی دەستی بە تاقیكردنەوەیەكی زۆر پڕ مەترسی كرد. خوێنی خۆی لەگەڵ خوێنی نەخۆشێكی مەلاریایی كەمەرگی وی بێگەڕانەوە بوو، گۆڕیەوە كە ئەنجامەكەی مردنی (باگدانف) بوو. لەبارەی مەرگی وییەوە بوخارین لە پراڤدادا ووتارێكی زۆر بەپێزی نووسی. بەڵام پرسیاری سەرەكی ووتارەكەی (بوخارین) و ڕۆشنبیرانی چەپی ئەو كات هۆی ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی مەرگئاوەر بوو لەلایەن (باگدانف)ەوە. كە زۆربە ئەمەیان بەخۆكوژی وی دەچواند. لەم بارەوە، لەچیرۆكێكی زانستی – خەیاڵی (ئەستێرەی سوور بەئاسمانی ڕوسیەوە) كە (باگدانف) لە١٩٠٨دا نووسیبووی، لەم چیرۆكەدا (باگدانف) خۆكوژی بەهوشمەندترین ئامراز بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە كۆمەڵگەی سوشیالیستیدا دەربڕیبوو. لەهەمان پەرتووكدا گۆڕینەوەی خوێن، بە بەسۆزترین سروشتی ئەوینی مرۆیی بەهاوجۆری خۆی چوێندرابوو. لەم ڕووەوە بێ دوودڵی ئەتوانرێت مەرگی وی بەخۆكوژی فەلسەفی لێك بدریتەوە.

* * * * * * * * * * * *

بۆ پرۆلیتاریا لەمەیدانی هونەردا دوو مەسەلەی بەرچاو هەبوون كە دەبوو چارەسەر بكرێن. مەسەلەی یەكەم: داهێنانی سەربەخۆیە، كە هوشیاری لەبارەی خۆو دەورووبەر

لە شێوەی تەنی زیندوو هاوئاهەنگ، بواری بیرو هۆشمەندی لەشێوەی هونەرییەکاندا.

مەسەلەی دووەم: بەدەستهێنانی کەلەپور و دەستگرتن بەسەر گەنجینە هونەرییەکان کە لەڕابووردوودا داهێنراون و، هەوڵدان بۆ گونجاندنی گشت جوانیو پشکوتووییکانیان بەبێ دەستەمۆبوونی ناوەڕۆکە بورژوازیو فیئۆدالییەکەی کە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.

چارەسەری مەسەلەی دووەمیش هەروەك مەسەلەی یەکەم هەروا ئاسان نەبووەو ئێمە هەوڵدەدەین کە لایەنی گشتی بۆ چارەسەری ئەم بابەتانە بدۆزینەوە.

کەسێکی مەزهەبی کە بە سوور بوونو وردەکاری تەواوەوە لە باوەڕێکیتر دەکۆڵێتەوە بەردەوام خۆی دەخاتە بەردەم مەترسی وەرگرتنی ئەو کێش و باوەڕە یان وەرگرتنی بەشێك لەو باوەڕانە کە لەڕوانگەی مەزهەبەوە بە کفر دەژمێردرێ : مەسیحی هەبوون کە بە لێکۆڵینەوەی مەزهەبی بودا مەزهەبی خۆیان گۆڕی یان کەوتنە بەرکارایی یان بەپێچەوانەوە : هەمان سیستەمی مەزهەبیش دەتوانرێ لەلایەن کەسێکی ئازاد ئەندێشەوە لێی بکۆڵرێتەوە کە لەتەواوی مەزهەبەکاندا تەنیا سروشی شاعیرانەی خەڵك دەبینێ ( ئەمە تەواوی ڕاستی نییە لەبارەی مەزهەبەوە بەڵکو تەنیا لایەنێکی دەگرێتەوە) . بەهەرحاڵ ئایا وەها کەسێك بەهەمان ئەندازە لەبەردەم هەمان مەترسی دایە کە لێکۆڵەرێکی مەزهەبی ڕووبەڕوویەتی ؟ هەڵبەتە نەخێر ! لەوانەیە وی لەبەر جوانیو قوڵی یادگیرییەکانەوە کە سەدان ملیۆن کەسی بۆخۆی ڕاکێشاوە خۆشی لێبێت. بەڵام دەرکو تێڕوانینی وی لەڕوانگەیەکی تەواو نا مەزهەبیو جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێ. دەوڵەمەندیتی بێ ئەندازەی هەستو بیرەوانی کە لە بودایزمدا هەیە زیاتر دڵ و بیری وی ڕاکیشدەکات تاوەکو کەسێکی مەزهەبی کە هیچکات ناتوانێت خۆی لە بەرگری کیشو ئایینی خۆ ڕزگار بکات و هەمیشە لەگەڵ دڵەڕاوکێی مەزهەبە نامۆکان ڕووبەڕووی ئەبێتەوە و دەرگیر دەبێت. ڕاستی مەسەلەکە ئەمەیە کە بۆ ئازاد ئەندێشێك تووشی دڵەڕاوکێی گۆڕان بۆسەر مەزهەبی بودایی نابێ.

بیرکردنەوەی  وی وەها سەری هەڵداوە کە دەتوانێ لە چوارچێوەی هەمان مەزهەب دا مەزهەب بداتە بەر لیکۆڵینەوە و ئەم گونجاندنە بۆخۆی دەستەبەر بکات. مەسیحیی‌یەکو ئازاد ئەندێشێك لەڕوانگەیەکی ڕەخنگرانەوە لەبودیزم ئەکۆڵنەوە، بەلاّم جیاوازی بنچینەیی وان لەجۆرو شێوەی ڕەخنەگری، زەمینەکان و، پێوەرەکانیاندایە. باوەڕداریك هەمیشە ڕەخنەکانی خۆی لە دەریچەی دۆگم و هەستی خۆوە بەرتەسك دەکاتەوە لەسەر ئەم بنچینەیە هەولْ دەدات کە لەبارەی بابەتی لیکۆڵینەوەکەی خۆی ئەو ناکۆکی‌یانەی کە پەیوەندی‌یان بە ئەرزشە (معنوی) یەکانی‌یەوە هەیە بخاتە ڕوو. کاتێك کە وی توانی ئەمە بەدەست بێنێت ئیتر توانای دەرککردنی ڕاستی‌یەکی شاعیرانە و بنەڕەتی کە تێیدایە نی‌یە.

لەکاتی گەیشتن بەم راستی‌یە بەشێوەیەکی ناکۆك بەخۆ بۆی دەڕوانێت و ئەوساتەیە کەکاتی خۆدانە دەستی دڕدۆنگی دیت.

ئەو توانای دەرککردنی ئەوەی کە بودیزم لەشێوەی کەلەپوری فەرهەنگی دونیایەکی‌تر وەربگرێ نەبووە و کاتێك بەتێڕوانینێکی خوازیارەوە بۆ ئەم نەگونجانە بنواڕێ، کاتێکە کە وی بەخۆبەدەستەوەدانی خۆی لە ئایین و باوەڕی خۆی هەڵدەگەڕیتەوە. ڕێوشوێنی بێباوەڕی توندڕەو ئاوهایە. ئەو نیشاندەری پێشکەوتووترین، بەلاّم بەئەندازەی پێویست و ئاستی گەشەکردوویی هوشیاری بۆرژوازی نی‌یە کە لە هەر مەزهەبێکدا تەنیا خەیاڵپەرستی و فڕوفێل، ئەبینێ. لەڕاستی‌دا وی باوەڕداریك بەولاوەتر نی‌یە. وی بەو ئەندازە دژی مەزهەب وەستاوە کە تەنیا نکۆڵی لیْ بکات، بەلاّم نە بەو ڕادەیەی کە لیْی تێگەیشتبێت. بۆ ئەو مەزهەب کەلەپور نی‌یە و تەنانەت هەندێ جار تووشی دڕدۆنگی دەبێت. هەندێك جاریش ئەم هەستە بەسەریدا زاڵدەبێت کە مەزهەب تەنیا بەخەیالْ پەرەستی و فڕوفێلْ دا بەرتەسك نابێتەوە بەلاّم هیچکات پەی بە واقیعیەتی ئەم مەسەلە نابات.

لە ڕێوشوێنێکی تەواو جیاوازدا ئازادئەندێشەکەی مە دەربڕی بەرزترین سەردەمێکە

کە هوشیاریو دەرکی بۆرژوازی دەستی پێراگەیشتووە.

ڕوانگەی وی سەبارەت بە مەزهەب وەك بەرهەمی داهێنانی شاعیرانەی خەڵك ئەم مۆڵەتە بەو دەدات کە لەچوارچێوەی بیری خۆیدا بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەبێ هیچ دەمارگیری و بەجۆریکی ئازادانە دەرك بکات. بۆ وی هیچ دژوار و ناکۆك نییە کە بۆ نمونە فێربێ کە یاساکانی مانی لە نێوان ئارياييیەکانی هیندی کۆندا کە بۆچوونی زۆر قوڵیان هەبووە، بەپلەیەك لەمەسیحیەتی مۆدێرن و یا ڕەسەن پیشکەوتووترە. یان هەڵهێنجان و دەرکی وان لە مەرگ بەو جۆرەی کە لەئاهەنگی بەخاك سپاردنیاندا وەها مەسەلەیەك بەرچاودەکەوێ، لە ڕەسەنێتیو بەرزی وجوانیدا لەچاو مەسیحیەت لەئاستێکی باڵاتردایە.

ئازادئەندێشی مە کە لەهەر جۆرە ڕێگریو هەستێکی مەزهەبی ڕزگاری بووەو هەرکاتێ کە بیرکردنەوەی مەزهەبی ببێتە هۆی نارۆشنی لەبیرکردنەوەی ویدا یان ببێتە هۆی بەلاریدا بردنی خواستە مرۆییەکانی وی بەرهەڵستی لیکردووە و هەروا لە بارودۆخێکدا دەمێنێتەوە کە لە مەزهەب کەلەپورێکی بەنرخ بۆ خۆی و کەسانیتر پێکەوەبنێت.

بەرخوردی پرۆلیتاریا لەگەل گشت فەرهەنگە کۆنەکان چ بۆرژوازی چ فیئۆداڵیدا بەگشتە وەك یەکە. کارگەر، لەسەرەتادا ئەم مەسەلەیە تەنیا لەشێوەی فەرهەنگدا دێنێتە پێش چاو، فەرهەنگ لەئاستێکی گشتیدا، بەڵام ئەم لایەنەی لەبەرچاو نییە کە ناوەڕۆکی فەرهەنگ شتێکی جیاوازە لەوەی کە وی دەهێنێتە پێشچاو.

لەفەلسەفەو زانستی هەر فەرهەنگێکدا بۆی هەیە هەڵەی گەورە هەبێت بەوجۆرەرەی کە لەهونەریشدا چەندین هەڵەو ، لە (معنویات) و یاساشدا پێشێلی هەیە. بەڵام ئەمانە خاڵگەلێك نین کە پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی ئەو فەرەەنگەوە بێت و تەنیا هەڵەو لادان و کەموکوڕیيەکن کە دەتوانرێت لەگەڵ بەرەوپێش چوونەکانی داهاتوو قەرەبوو بکرێن.

دواتر وی بۆی دەردەکەوێ کە ئەم فەرهەنگەش هەڵگری (خصلت) ی بۆرژوازی و ئۆرۆستۆکراتی بووە کە دەبێتە هۆی پتەوی بەرژەوەندی چینە سەروەرەکان، ئەو خۆگرتنانەی کە دەبنە هۆی بەلاریدا بردنی فەرهەنگەکە، بەڵام ئەو هەروا هیچ جۆرە دوودڵی‌یەکی لەناوەرۆکی ئەو فەرهەرنگە ( میتۆد و ڕوانگە) نی‌یە.

وی وەها خۆی لەئاستی ئەو فەرهەنگەدا داناوە، لەکاتێکدا هەوڵی بۆگونجاندنی گشت خاڵە باش و پۆزۆتیڤەکانی داوە بەڵام لە دڕدۆنگی‌یەك کە برهمن ێك یان بودایی‌یەك لەبەرامبەر(وەسوەسەی) مەسیحیەتدا یان بە پیچەوانەوە لێی بەهرەمەندن بەهرەمەند نی‌یە. وی کە شێوەی بیرکردنەوەو هەستی ڕابوردوو ڕاکێشی کردووە و گشت بەرخوردەکانی لەگەڵ دونیای دەوروبەری لەجەمسەری شێوە کۆنەکانەوە سەرچاوە دەگرن، کاتیك بە ڕوانگەی چینایەتی پرۆلیتێری چەکدار دەبێت دەستبەجێ ڕوو بەڕووی دەنگی فەرماندەرانەی بەرژەوەندی چینایەتی کە لەگەڵ ویدا دەدوێ ، دەبێتەوە. بەڵام لە کاتێکدا کە هەموو مەسەلەکان بە ڕوونی‌یەکی چاوەڕوانکراو نەبن و مەسەلە زۆر ئاڵۆزەکانی ژیان و بەتایبەت مەسەلەی تازەتر هاتبنە گۆڕێ ئیتر وی توانای چارەسەری سەربەخۆی مەسەلەی وای نی‌یە. یان سوود لە ڕێگەچارەیەکی پیشتر ئامادەکراوی دەوروبەری خۆی وەردەگرێ و یان ئەوەتا بەرژەوەندی چینایەتی پرولیتێری وی ڕوانگەیەکی بێگانە بۆ خۆی ڕادەکێشێت. هەردوو مەیلانەی کە لەسەرەوە باسکران لە هەڵسوکەوتی ڕۆشنبیرانی چینی کارگری ئەورووپادا لەبارەی جەنگەوە دەرکەوتن. هەندێك بەبێ هیچ جۆرە سەرنجێك لەم مەسەلە کە کەسانی‌تریش توانای دەرکی ئەم مەسەلەیان هەبوو کە بەرژەوەندی باڵای چینی کارگەر خوازیاری یەکگرتن لەگەڵ بۆرژوازی‌دا بۆ پارێزگاری لە خاکی باپیران و سامانەکەی دەبێت و لە ناوچوونی دەبێتە هۆی تێکشکانی چینی کارگەرو وەپاشگێڕانەوەی گشت شارستانی‌یەت خۆیان دایە دەم شەپۆلی نیشتمان پەروەری. ئەم ئەزمونە گەورە و دڵ ڕەقە ئەم واقیعیەتەی تەواو

دەرخست کە تا  وەکو پرۆلیتاریا ڕوانگەو شێوەی بیرکردنەوەی خۆی ڕوون نەکاتەوە هیچکات توانای زاڵبوونی  بەسەر کەلەپوری فەرهەنگی‌دا نی‌یە. بەڵام ئەوە فەرهەنگی بەسەرچوو نی‌یە کە زاڵبوونی  خۆی هەروا لەسەر وی  بپارێزێ و  هەروەك ئامرازێکی مرۆیی بۆ ئامانجەکانی خۆی سوودی لێ وەرگرێ.

ئەگەر پرۆلیتاریا لەبارەی ئەم مەسەلەوە باوەڕیهێنابێت تەنیا بەرەتکردنەوەی بێکەڵکی فەرهەنگی کۆنە ئەگات. ئەگەر نکۆڵی وەها کەلەپوریێك بکات ئەوکات خۆی خستۆتە جێی بێباوەڕێکی تونڕەو لەگەڵ بەرخودێکی کرچوکاڵ دەربارەی بە کەلەپوری مەزهەبی. بەڵام لەگەڵ گشت ئەمانەدا  ئەو تەنانەت دەکەوێتە  ڕێوشوێنێکی خراپتر چونکە بۆ بێباوەڕانی بۆرژوا وەها تواناییەك بەبێ ئاشنایەتی لە مەزهەب هەبووەو  ئەرزشە فەرهەنگی‌یەکانی‌تریشی بۆ ئەوە دەبێت کە پشتی پێ  ببەستن. بەڵام کارگەر لە بارودۆخێکدا نی‌یە  کە شتیك بنیات بنێ کەببێتە هۆی هاوتایی فەرهەنگی دەوڵەمەندو گەشە کردووی ئۆردووگای نەیار. وی توانای داهێنانی  هەر شتێکی نوێی لەهەمان ئاستدا کە بتوانێ ئامرازێکی شکۆدار لەدەستی دژکانیدا بێت دژی خۆی نی‌یە. سەرئەنجامی وەها مەسەلەیەك زۆر ئاشکرایە. چینی کارگەر دەبێت لەپەیداکردنی گەشەکردووترین ڕوانگە لە بەرفراوانترین ئاستی لواودا کە پایەدارو لێهاتووتر لەفەرەهنگی  کۆن بێ بەوجۆرەی کە ڕوانگەی ئازاد ئەندیشێك لە ئاستێکی باڵاتری دونیای مەزهەبدایە.

لە ژێرکاریی وەها هەلومەرجێکدایە کە توانای زاڵبوون بەسەر فەرهەنگی کۆندا بەبێ دەستەمۆ بوونی هەیە کە بتوانێ وەك ئامرازێك بۆ دروستکردنی ژیانێکی نوێ سوودی لێوەربگیرێ و وەك چەکێك بۆ خەبات دژی کۆمەڵی کۆن کە ئەم فەرهەنگەی لێوەزاوە  بەکار بهێنرێ.

کارڵ مارکس بۆ زاڵبوون بەسەر هێزە بیریارەکانی دونیای کۆندا دەستپێکەری وەها بزووتنەوەیەك بوو. شۆڕشێك کە وی لە بواری

زانستی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا دەستپێکرد لەڕاستیدا دەرخەری ئەم مەسەلە بوو کە وی میتۆدە سەرەتاییەکان و ئەنجامەکانی لە ڕوانگەیەکی تەواو نوێوە کە هەمان ڕوانگەی پڕۆلیتێرییە خستییە بەر چاو پێدا خشاندنەوە. مارکس بۆ وەها بنیاتنانێکی گەورە بەزۆری سوودی لە سەرچاوە بۆرژوازییەکانی وەك ئابووری زانە کلاسیکە بۆرژواکان، ڕاپۆرتی پشکنێنەرانی کارخانە ئینگلیسییەکان، ڕەخنەی وردە بۆرژوازی لەسەرمایەداری لەلایەن سیمۆند و پرۆدۆن و سۆشیال خەیاڵییەکان، دیالەکتیك ئایدیالیستە ئاڵمانییەکان، ماتریالیزمی (کۆمەڵەی زانست نووسان)ی فەڕەنسی و فۆیرباخ ، تیئۆری چینە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن مێژوو نووسانی فەرەنسی و شیکردنەوەی پیاهەڵدەرانەی دەروونناسی چینەکان لەلایەن بالزاك و هیتر و هیتر وەرگرت. تەواوی زانیارییەکان بەرێکخستنەوەیەکی نوێ گۆڕان بە ئامرازێك بۆ دروستکردنی ڕیکخراوەیەکی پرۆلیتێری. چەکێك بۆ خەبات دژی فەرمانڕەوایی سەرمایە.

بەڵام ئەم واقیعیەتە سەرسووڕهێنەرە چۆن بە ئاکام گەییشت ؟ درێژەی هەیە

سەرەخۆشی لە هاوڕێیانی: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست

چەوسێنەران دەتوانن بۆ ساتەوەختێک بزە لەسەر لێوی ژیان بتۆرێنن، بەهار جوانەمرگ، لاسکی گوڵاڵە سوورەێکیش بقرتێنن. بەڵام هەرگیز ناتوانن قاقای پێکەنینی نینا و پاڤێلاً بە ئەفسانەکانی خوا، سروشت و چرۆی بەهاری هاوتایی ژن و پیاو لەبیری نازەنین دا بسڕنەوە.

خواکان گەمژەن، پێیان وایە بەکوشتنی ساوایەک بەر بەلەدایکبوونی دەگرن ! بەسووتانی کیژۆڵەیەک عیشق کڵپە ناسێنێتەوە ! بەهەڵچنینی پەنجەرەکان بیرمان کەڕوو هەڵدێنێ ! بەتەقاندنەوەی سەماگەیەک بەر بەلەرینەوەی گەڵایەک بەدەم سروەی بەیانەوە دەگرن !

بەڵام دڵۆپە خوێنی فەرهادەکان تیشکە ڕەنگاوڕەنگەکانی خۆری کۆمۆنە لەپشت هەورەکانەوە دەکاتە پەلکەزێڕینەی ئاسمانی مرۆڤایەتی.

مەرگ و ڕسوایی بۆ نۆکەرانی سەرمایە — دەستەی نووسەرانی ژیلەمۆ

سەرکەوتووبێت بزووتنەوەی کۆمۆنیستی — ٣١/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٩

## بێرتۆڵد برێخت لەڕۆڵی دەرهێنەردا

کارل ڤێبەر Carl Weber و. ئاپە

" ئەم وتارە دەقی قسەکردنەکەی (کارل ڤێبەر)ە لەزانکۆی تولین ساڵی ١٩٦٧. هەروەها لە ژمارەی تایبەت بە ((برێخت))ی بڵاوکراوەی TDR بڵاوکراوەتەوە."

بابەتی زۆر لەم وولاتەدا ( وولاتە یەگرتووەکانی ئەمریکا) دا لەبارەی برێختەوە نووسراون. بەشێك لە نووسینە تیۆرییەکانی وەرگێڕدراون و، زۆربەی شانۆیییەکانی بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە. لەم گشتە، خەڵکی مە وەها تێ دەگەن کە برێخت تەنیا شاعیرو نووسەر بووە. گەرچی ئەم ئەنجامگیرییە دروستە، بەڵام بۆ دەرککردنی برێخت ی شانۆ نووس ئەبێت برێخت وەك کەسێکی شانۆگەر دەرهێنەر بناسرێت. کارایی برێخت لەسەر شانۆی سەردەمی خۆی لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داهێنانانەی کە لە دەرهێنانی شانۆکانیدا لەسەر شانۆی بێرلینەر ئێنزێمبل (Berliner Ensemble) دەریهێنان؛ لەوکاتەوە کە ئەو کارە نموونەییبەکانی لە ساڵەکانی سەرەتاو ناوەڕاستی دەهەی پەنجای زایینیدا لە بێرلینی ڕۆژهەڵاتی خستەڕوو شانۆی ئاڵمانی بەگشتی گۆڕانی بەسەردا هات. ئەگەر کارەکانی لە بێرلینەر ئێنزێمبل ساڵی ١٩٥٦دا و دواتر لە دەهەی شەست دا لە لوزن نەنواندایە، بزووتنەوەی نوێی شانۆی بریتانیا ڕۆیال کۆرت( The Royal Court)، پیتەر بروك و پیتەر هال، کێنێس تای نێن (Keneeth Tynan) ئەگەر وەبیر هێنانەوەی چەند ناو بەس بێت، لەوانەیە زۆر جیاوازتر دەبوو لەوەی کە هەیە. گیۆرگیۆ سترێهلێر (Giorgio Strehler) لە ئیتالیاو ڕۆژە پلانشۆ(Roger Planchon) لە فەرەنسە بەشێوەیەکی قوڵ لەوە و، چۆنیەتی ئەوەی برێخت لە بێرلین دایهێنا کاراییان وەرگرت. گەرچی برێخت بەدرێژایی تەمەنی بەردەوام لەگەڵ شانۆدا سەروکاری هەبوو، سەرەتا وەك ڕەخنەگر و، پاشان وەك شانۆنووس، بەڵام سەرئەنجام لەساڵی ١٩٤٩دا بوو کە وی توانی شوێنێکی هەمیشەیی بۆ ئەزموون_ گەرییەکانی بەدەستبێنێ؛

تیپپێك و، دواتر بینایەك، كە لە دەستی وی‌دا توانیان ببن بە ئامرازی ئیدیال بۆ خستنەڕووی تێڕوانینەكانی، شانۆیەك كە ئەزموونگە بوو، شوێنێك بۆ لێكۆلینەوە، شیكردنەوە و بنیاتنانی مۆدێل و نموونەكان.

برێخت دوای نیشتەجێ بوونی سەردەمی جەنگ لەئەمریكا، گەڕایەوە ئۆروپا، كاربەدەستانی ئالمانی ڕۆژهەلاتی میوانی‌یان كرد تاوەكو كە نواندنێك لەشانۆیی داپیرە دلاوەر بە بەشداری هاوسەرەكی هێلینا ڤایگل لەڕۆلی سەرەكی‌دا دەربهێنێ؛ بۆ یەكەم جار دوای پانزەساڵ وی هەلی بۆ ڕەخسابوو ئەو تیئۆریانەی كە بەدرێژایی تەمەنی، چ لە ئالمان و چ لە وولاتانی‌تر، لەپێناویاندا خەباتی كردبوو بخاتە بەرچاوان. ئەم شانۆیی‌یە ساڵی ١٩٤٩ لەسەر شانۆی دۆیچە (Deutsche Theatre) لەبێرلین پێشكەشكراو بووە خاڵی وەرچەرخان لەمێژووی شانۆی ئالمانەدا، لەوانەیە لەم سەدەیەدا و بەدڵنیایی‌یەوە لەسەردەمی (Reinhardt) بەملاوە.

ڕەخنەگرانێك، كە زۆربەیان بەشێوەیەكی وەكیەك كارەكانی برێخت یان لەساڵەكانی پێش ١٩٣٣ تاوانبار كردبوو، لووتیان شكاو و، دەرهینانەكە لەگەڵ سەركەوتنێكی گەورە ڕوو بەڕوو بوو. من كە ئەوكات لاوێك بووم لە زانكۆی شاری هایدلبێرگ بۆ بینینی ئەم نواندنە چووم؛ ئەم نواندنە هێشتاكە وەك گەورەترین ئەزموونی شانۆیی لە ژیانی مندا ماوەتەوە. ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە چ شتێك وەها بێ وێنەی كردبوو ئیستاكەش بۆم دژوارە، بۆچی لەو كاتە بەدواوە من بە ڕۆڵ بینین لەو شانۆیەداو دووبارە نواندنەوەی لەساڵی ١٩٥٤دا خووم پیوەگرتووە. بەلام شتێكم لەبیر ناچێت، ئەوەی كە یەكەم جار بوو كەمن كەسەكانم لەسەر شانۆ دەبینین كەوەك مرۆڤی ئاسایی هەڵسوكەوتیان دەكرد؛ تەنانەت تۆزقاڵێ ڕۆڵ بینینی تێدا نەبوو. هەرچەند لیهاتوویی تەكنیكی و جوانی هەر ساتێكی سەرنجراكێش بوو. سادەیی‌و بەسوودی دیكۆرو كەرەستەكانی تری شانۆ بۆكەسێك كە تا ئەوكات تەنیا شانۆی پلەدوو و هەڵبەتە هەندێك جار باشترینی شانۆیی‌یەكانی ئالمانیان دیتبوو سەرسوورهێنەر و

واقوورمێنەر بوو، کە چۆن چۆنی بیری شانۆیی بەبی زۆرو کردنە مێشك بۆ بینەران دەگوێزرایەوە. ئەمە تەنانەت باشترو بڵندتر لە جوان ڕۆڵبینینی ڤایگل و ناودارەکانیتری تیپەکە بوو.

بڕیارم دا کە هەرچۆن بووە لەگەڵ برێختدا کاربکەم. بەڵام ئەم بڕیارە تا ساڵی ١٩٥٢ تا خاڵی بوونی شوێن هاوکارێکی دەرهێنەر لەئێنزێمبل جێبەجێ نەکرا. من چوومە لای یەکێ لە شانۆنووسەکانی تیپەکە بەناوی پیتێر پالیژ ( Peter Palitych ) و چۆنیەتی کار داواکردن لەبرێخت م لێپرسی. لەوەڵامدا ووتی کە برێخت لە چاوپێکەوتنی داواکاران خۆشی نایێت و باشترین کار ئەوەیە کەبابەتێك لەبارەی نواندنەکانی ئێنسێمبل بنووسم و ڕای خۆم دەربڕم. نەك ڕەخنە، بەڵکو تەنیا ڕوونکردنەوە و باسکردنی ئەوەی ئەکتەرەکان پێی هەڵدەستن. بۆچی واو، ئەوەی ئایا کارایی هەیە یان نە. چەندجار بۆ دیتنی شانۆیی پۆنتیلاچووم . دەربارەی دوو دیمەنی ئەونواندنە بابەتێکم نووسی و ناردم بۆ برێخت. دوای ماوەیەك تێلەفۆنم بۆ جێگرەکەی برێخت کرد و ووتم: ئەتوانم بێم، یان ئەوەتا بابەتەکە هێندە خراپە بەکەڵك نایێت؟ وەڵام ئەمە بوو کە مەگەر لەتوانادا هەیە ئەو ناچارکەین شتێك بخوێنێتەوە. ئەو زۆر ناخوێنێتەوە. بەڵام من جێگرەکەیم ڕازیکرد کە جارێکیتر هەوڵ بدات سەرنجی برێخت بۆنووسینەکە رابکێشێت. دوای دوو هەفتە دووبارە تێلەفۆنم کردەوە و جێگرەکە ووتی: چۆن بیڵێم، نووسینەکەمان وونکردووە لە بەدبەختیدا نوسخەیەکی تریشم لا نەمابوو. بەڵام پەیدایان کردەوە.

سێ هەفتەیەك تێپەری و جارێکیتر تێلەفۆنم کردەوە و ئەمجارە سکرتێرەکەی وتی کە برێخت خوێندوویەتییەوە و دەیەوێ بتانبینێت.

ڕۆژی دواتر بەیانییەکەی بەکڵاوە بەناوبانگەکەیەوە لەوێندەرێ بوو. من شەرمم دەکردو دەستوپێی خۆمم وونکردبوو، بەڵام ئەو تەنانەت لەمن شەرمنتر بوو بوو. ئەو ووتی: « بەڵێ، ئێوە ، بەڵێ، من خوێندمەوە » بێدەنگییەکی درێژخایەن باڵی کێشا بەسەرماندا. من نەمدەزانی چی بڵێم و ئەویش بەس سەیری منی دەکرد.

سەرئەنجام ووتی: دەبێت بڕۆم بۆ پرۆڤە، ئیوە ئەتوانن بڕۆن بۆ نووسینگەی بەڕێوەبردن و لەگەڵ ڤایگل سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی کارەکەتان قسە بکەن دوای ئەوە چووە دەرەوە.

لەنووسینگە پرسیم ئایا بۆم هەیە پرۆڤەکان ببینم یان نە، لەوەڵامدا ووتیان کە هەرکەس واقیعەن هۆگربێت دەتوانێت پرۆڤەکان ببینێ مەگەر ئەوەی کە برێخت، لەهەندێك شوێنی دیاریکراودا پێی وابێ ئەکتەرێك زۆر تورەیە، کە لەم کاتەدا وی بەجیا لەگەڵ ئەو ئەکتەرە کار دەکات، بەڵام پرۆڤەکانی‌تر کراوەن وسەیردەکرێن. برێخت دەیویست ئەکتەرەکان لەگەڵ بینەردا ڕابێن، بکەونە پێکەنین و، بەپێی توانا لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆڤەوە لەگەڵ ئامابووانی ناو هەوڵەکە پەیوەندی بگرین. ئەوکات تیپەکە شانۆیی «ئورفاوست» (Urfaust)یان پرۆڤە دەکرد. ئەم شانۆیی‌یە گۆتە لە بیست‌وپێنج ساڵی‌دا نووسیبووی، واتە چەندین دەهە پێش ئەوەی دوا نوسخەی «فاوست» بنووسێت. برێخت لەبەر چەند هۆ ئورفاوستی بەلاوە گرنگ بوو. زمانی ئەم نواندنە بەشێوەی (Knitteverse) نووسراوە، زمانێك کە کیشی نی‌یە یان کێشێکی ناجێگیری هەیەو سەرواشی نی‌یە یان بەزۆر سەروا وەردەگرێ. ئەم زمانە لە نواندنە کۆمیدی‌یەکانی فارس و نواندنە مەزهەبی‌یەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای ڕێنیسانس بەکارهێنراوە و هەروەك نواندە گەلی‌یە ویۆلەیی‌یەکانی ئاڵمانە. نواندنی فاوست، هەرچەندە بەرهەمێکی بەنرخە، بەڵام شانۆیی پیرە میردێکە بە بۆچوونێکی تەریك کەوتە لە کۆمەڵگە و تەنیا، بەڵام ئۆرفاوست کارایی‌یەکە لە بزووتنی «تۆفان‌و تورەیی» ( Strum und Drang ) بە مامەلە کردنێکی سەرچڵۆ بێباك لەگەڵ جیهان. چوونە سەرباسی ئەوین لەم نواندنەدا، بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لەشێوەیەکەوە نزیکە کە برێخت لە شانۆیی‌یەکانی «بعل Baal» و ئاوازی تەپلەکان لەدڵی شەودا بەکاریهێناوە.

من چوومە ناو هۆڵەکە و دیاربوو کە هەمووان کاتی پشوودانیان بەسەر دەبرد. برێخت لەسەر کورسی‌یەك دانیشتبوو و سیگاری گەڵایی دەکێشا، ئیگۆن مۆنك

(Egon Monk) بەرێوەبەری جێبەجێکردن و دوو سێ یارمەتیدەر لەکن وی دانیشتبوون، هەندێك لە ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ بوون و هەندێکی‌تر لەدەوروبەری برێختدا ڕاوەستابوون، نووکتەیان دەگێرایەوە و جوڵانەوەی خەندە ئاوەریان دەکرد و، پێدەکەنین. دوای ئەوە ئەکتەرێك چووە سەر شانۆ و شتێکی لە سێ شێوەی جیاوازی لەسەرمێز کەوتنەخوارەوەی ئەنجامدا. هەمووان کەمێك دەربارەی دیمەنی ((لەئاوێرباخە کێلەر)) (Auerbache Keler) ی شانۆییەکە دوان، ( دیمەنێك کە مفیستو، فادست دێنێتە میوانخانەیەك کە لەوێدا خوێندکارانی سەرخۆش بە نوکتەی سێکسی‌و ئاوازی سادە حاڵیان دەکرد). ئەکتەرێکی‌تر کەوتن لەسەر مێزی تاقی کردەوە و ئەنجامگیری‌یەکان بەراوردکران؛ بەپێکەنینێکی زۆر و سەرخستنە سەر سەری یەکتر فرەوە، ئەم بەزمە درێژەی کێشا، کەسێك ساندویچی خوارد و، من وام بیرکردەوە کە پشوویەکی دریژو سەیر دراوە. من شەرمنانە دانیشتم چاوەڕێ مامەوە هەتا دوای ئەوە ی کە مۆنك ڕایگەیاند: کە دەی، واکارمان تەواو بووە، بڕۆینە ماڵەوە تێگەیشتم کە گشت ئەمانە پرۆڤە بوون و، ئەم پرۆڤەیە نموونەی شێوەیەکی کراوەو ئازاد بوو کە برێخت بەکاری دەهێنا. ئەم پرۆڤەیە، بەرخوردی ئەزموونگەری وی و گەلکاری ئاوەها کە ئێنزێمبل لەگەڵی ڕاهاتبوو نیشان دەدا. برێخت هەر بۆچوونێکی کە لەگەڵ خۆی بهینایەتە ناو پرۆڤەکەوە تاقی‌دەکردەوە، دەیخستە لاوە و، شتێکی‌تری تاقی‌دەکردەوە؛ هێندێك جار دیمەنێك بەچل شێوەی جیاواز تاقی‌دەکرایەوە، هێندێك جاریش بە دوو شێوە. تەنانەت دوای ئەوەی شانۆیی‌یەکە چووبووە سەرشانۆ و ڕەخنەی لەسەر نووسرابوو، دووبارە دەستکاری هەندێك لەبەشەکانی دەکردو، دووبارە پرۆڤەی دەکردەوەو، (میزانسن)ی دەگۆڕی. ئەکتەرەکانیش بەرخوردێکی ئەزموونگەری‌یان لەگەڵ کارەکەدا هەبوو، ئەوان ڕێگەی ئەنجامدانی شتێکیان پێشنیار دەکردو لەگەڵ ئەوەی کە دەستیان بەڕوونکردنەوە دەکرد، برێخت ڕایدەگەیان لەکاتی پرۆڤەدا گوێ لەهیچ باسێك ڕاناگرێت. دەبێت تاقی بکرێتەوە. ئاشکرایە کە تەواوی تیۆرانینەکانی وی لەسەر ئەم بنچینەیە وەستابوون

کە جیهان شیاوی گۆڕانە و مرۆڤیش لەم جیهانەدا دەگۆڕێ؛ هەر ڕێگەچارەیەك تەنیا خاڵی دەستپێکردن بوو بۆ ڕێگەچارەیەکی نوێترو باشتر.

هەڵبەتە ئەم گشتە لەبەر شەیدایی ئەزموونگەری نەبوو. مەبەستی سەرەکی برێخت ئەوە بوو کە شانۆیی بەشێوەیەکی ڕوون، جوان و سەرگەرمکەر، گێڕانەوەی بەسەرهاتێك بێت بۆ بینەران. وی ئەگەر لەدەرهینانێکدا بەشێکی ناڕۆشن و وەڕسکەری ببینیایە دەیقرتاند. هیچ کات کەسێکم نەبینیوە وەك برێخت وابێ بەزەیی‌یانە دەقەکانی خۆی ببڕێو بەشەکانی تەرك بکات. برێخت لێوەشاوەیی‌یەکی تریشی تێدا بوو: ئەگەر هەفتەیەك لەسەر دیمەنێك کاری بکردایە و دواتر بۆ هەفتەیەك بیخستایەتەلاوە، کاتێك کە دەگەڕایەوە سەر ئەو دیمەنە دەیتوانی وەها سەیری بکات کەوەك بڵێی پێشتر نەیدیتووە. نموونەیەك وەبیر دێنمەوە دیمەنێك لە پەردەی سێیەمی بازنەی گەچینی قەفقازی ئەو کاتەی کەگروشا لەگەڵ منداڵە دۆزراوەکەی و براکەی لارن تیج دێنە ماڵە جووتیارێکی دەمسەرەمەرگ کە گروشا ناچار بووبوو هاوسەری لەگەڵدا بکات. ئەم دیمەنە سێ هەفتە بوو پرۆڤەی لەسەر نەکرابوو. پرۆڤەی ئەم شانۆیی‌یە حەوت مانگ درێژەی کێشا؛ برێخت گەڕایەوە سەر ئەم دیمەنە، پێمان وابوو کەدیمەنەکە زۆرباش دەچێتە پێشەوە لەناکاو برێخت هاواریکرد ڕاوەستن ! وی لە ئەکتەرێك کە ڕۆڵی لارن تیجی دەبینی لەو دیەنەدا و ئەم سەرو ئەو سەری ژوورەکەی دەکرد پرسی کە بۆ ئەو جوڵانەوەیە ئەنجام دەدات. ئێمە هەمووەمان وەڵامان دایەوە، کە واتە بۆئەمە بەڵگەی هەیە؛ وی بۆ دەربڕینی ڕستەکەی دواتری دەبێت لەوسەری ژوورەکەدا بێت. ئەمە میزانسن ی خۆتانە. برێخت بەتووڕەیی‌یەوە ئەمەی ڕەتکردەوە. ووتی: بەڵگەیەك بۆ جووڵانەوەکەی وی لەئارادا نی‌یە. بەڵام ڕستەی دوایی وەها شتێك دەخوازێت هاواری کرد چ رستەیەك ؟

ئەکتەرەکە ڕستەکەی دەربڕی. لەوەڵامدا ووتی: ئەم ڕستەیە ناکرێت نووسینی من بێت ! ئێمە ناچار بووین کە دەقەکە نیشان بدەین وبیسەلمێنین کە ڕستەکە هی

خۆیەتی و، وی بەڕاستی لەتاو ئێمە تووڕە بوو. ئەو دیمەنەکەی دووبارە نووسی‌یەوە. بریێخت وەها ئەم دیمەنەی دیتبوو هەروەك بڵێی کەسێکی‌کە نووسیبێتی و پەیوەندی بە شانۆیی‌یەکەوە هەیە کە وی شتێکی لەبارەیەوە نەبیستبێت؛ ئەو وەك بینەرێك هەڵیدەسەنگاند و دەیبینی کە دیمەنێکی سەرکەوتوو نی‌یە.

پیشەکی‌یەکانی ئامادەکردنی شانۆیی‌یەك لەباری ئاسایی‌دا نیوەساڵێکی دەخایاند. لەم ماوەدا شانۆیی‌یەکە دەکەوتە بەرباس‌و لێدودوان و گەر وەرگێڕان بوایە دەکەوتە بەر لێکۆڵینەوە. دیکۆری دیمەنەکە سەرەتا لەسەر کاغەزو پاشان لەشێوەی نموونەی وێنەیی ئامادە دەکرا. ئەم بابەتە لەبارەی جل‌وبەرگەیشەوە هەروا بوو. دوای ئەم قۆناغە، کاتێك کە بریێخت پرۆڤەی دەست پێدەکرد دیاریکردنی میزانسن لانیکەم سێ تا چوار مانگی دەخایاند. میزانسن ەکان ووردەکاری زۆریان دەویست. بریێخت پێی وابوو کە میزانسن بڕبڕەی پشتی شانۆیی دەرهێنانە؛ وی باوەڕی وابوو کە میزانسن ، لەباری خوازراوی‌دا، دەبێت کە بەتەنیا توانای گێڕانەوەی بەسەرهاتی شانۆیی‌یەکەی هەبێت. بەوجۆرەی کە ئەگەر کەسێك لەپشت دیوارێکی شۆشەیی‌یەوە سەیری نواندنەکە بکات و، بەبێ ئەوەی گوێی لەڕستەیەکیش بێت، بتوانێت توخمە سەرەکی‌یەکانی بەسەرهاتەکە و بەرخوردەکانی ناوی تێبگات. بەدەستەێنانی وەها میزانسن یکی ڕوون و ئاشکرا کاتێکی فرەی گەرەکە؛ ئەو هەرشتیك شیاوی وەپیش‌چاوخستن بووایە تاقی‌دەکردەوە و، ئەگەر دیمەنێك لە پرۆڤەدا لەگەڵ جل‌وبەرگ ودیکۆردا نەگونجایە یەکەمین شتێك‌میزانسن بوو کە گۆڕانی بەسەردا دەهات.

پاش دیاریکردنی میزانسن‌ی سەرەکی مە لەسەر ووردەکاری ڕۆڵبینین دەست بەکار دەبووین؛ تا ئەم کاتە ئەکتەرەکان ڕستەکانی خۆیان بەتەواوی دەرخکردبوو و دەیانتوانی بە ئاسانی ڕۆڵیان لەگەڵدا بگێڕن. جووڵانەوەو باری جەستەیی‌یە زۆر جوانەکان زۆرترین سەرنجیان بۆ خۆ ڕادەکێشا. هەندێکجار کاتژێرێك بۆ چۆنیەتی هەڵگرتنی شتێك لەلایەن ئەکتەرێکەوە تەرخان دەکرا. سەرنجی تایبەت دەدرایە

ووردەکارییـــــەکانی جووڵانـــــەوەی جەســـــتەیی. خوگرتنـــــەکان، ڕاهاتنـــــەکان، بەرخوردەکان و، تەنانەت بارە جەستەیییە فرە جوانـەکانی مرۆڤـە کەکەسـایەتی وی پێك دێنێ و ئەمە ڕاستییەکە کە بەزۆری لەشانۆدا پشتگوێ دەخرێ. برێخت چەندین کـاتژێری بـەوەوە دەبردەســەر کـەببینێ گالیلـە چـۆن تێلەکســکۆپێك یـان سـێوێك بەدەسـتەوە دەگرێـت. گروشـا قەڵـەو چـۆن بوتڵـە ئـاو یـان منداڵێـك بـەرز دەکاتــەوە، سـەربازی لاو ئیلیـف چـۆن چۆنـی لەسـەر مـێزی ژەنراڵکـەی خـۆی دەخواتــەوە و، هیتـر. زۆربــەی کــات نیگــارو بەڵگــەی وێنــەیی کــات و، ســـەردەمی بەســـەرهاتی شانۆییەکە بۆخوێندنەوەی جووڵە و بارە جەستەیییەکان دەهێنرایە نێو پرۆڤەکان. نیگارکێشـانی جـێ ســەرنجی برێخــت، برۆگــل و بــوش بــوون. نیگارکێشــی وان بەسـەرهاتەکانیـان دەگێڕایـەوە، کەسـایەتییەکانیان لەگـەڵ ژیـانو پیشـەو بـاوەڕو تاوانەکانیان ئامێتـە بووبـوون. کـارایی ئـەو وینانـەی کـە برێخـت دیتبوونـی بـەزۆری لــەکارەکانی ویدا بــەدی دەکــرا، ســاتە وەخـــتی تایبـــەت لـــەمیزانســـنو، هـــەروا کەسایەتییەکان دیمەنەکان، لەم نیگارو وێنانەوە سەرچاوەیانگرتبوو.

مەرجەکانی کسایەتی، مەرجەکانی بەسـەرهاتەکە و، ئـەو کارانـەی کـە لـە دەوروبـەری کەسایەتییەکاندا ڕووی دەدا هەرسات دەبوو لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی لێوە بکرێ. کاتێك کە هـەموو ئـەم ووردەکارییانـە دەگەیشـتنە قۆنـاخێکی دیـاریکراو، قونـاخێك کـە خاڵی تەواوبوون نییە، بەڵکو قۆناخی کەمبوونـەوەی تواناییـە جـۆراو جۆرەکـان بـوو، برێخت یەکـەمین پرۆڤـەی تـەواوی نواندنەکـەی دەسـتپێدەکرد. ئـەم قۆنـاخـە دەیتوانـی شەش مانگ دوای دەست بەکار کردنی ئەکتەرەکان لەسـەر شـانۆییەکە بێـت. شـەش مـانگ کـارکردن لەســەر میزانســنکــان، ســاتە وەخــتی جیاجیــا و، بەشــی چکۆلــەی دیمەنەکان. یەکەمین پرۆڤەی گشت شانۆییەکە بەزۆری کارەسات بوو. بۆ ئەکتەرەکان نە دەلوا کە وەها بەخێرایی هەموو شتێك پێکەوە گرێ بدەن. بەڵام برێخت خۆی لەسـەر ئـەم بابەتـە سـوور بـوو. لەپرۆڤـەی دووەم و سـێیەمی گشـت شـانۆییەکەدا، کێشـێك لەسـەرخۆ خـۆی دەردەخسـتو، تـەواوی ئـەو هەڵانـەی کـە تـاوەکو ئـەوکات

نەبینرابوون بەڕوونی دەردەکەوتن. جارێکی‌تر برێخت تەواوی شانۆییەکەی بەساتەوەختی کورت و بەشی بچووك بچووك دابەش دەکرد و هەر پارچەیەك کە سەرکەوتوو نەبوو کاری لەسەر دەکردەوە. پاش کارکردن لەسەر بەشە جیاکراوەکان، دوا قۆناخی پرۆڤە دەستیپێدەکرد. ئەم قۆناخە پرۆڤەکانی تەواوی شانۆییەکەی دەگرتەوە، بەڵام ئەم پرۆڤانەش هەمیشە دووبارە کارکردنەوە لەسەر وردەکاری و دیمەنە جیاوازەکانی لەگەڵدا بوو. یەك دوو هەفتە بۆ پرۆڤەی کارە تەکنیکییەکان تەرخان دەکرا. هەندێکجار ڕوناکیدان بە شانۆییەکە پێنج ڕۆژ درێژەی دەکێشا، کە لەم ماوەدا سوود لە ئەکتەرە زیادەکان وەردەگیرا بۆ دەرەێنانی جووڵە و مزانسن ەکانی شانۆییەکە تاوەکو ئەکتەرە سەرەکییەکان کات و ووزەی خۆیان بەفیرۆ نەدەن.

بە درێژایی پرۆڤەکان بەجلو بەرگەوە، وردەکارییەکان هەمیشە گۆڕانیان بەسەردا دەهات و چاکتر دەبوون، ئەم ئاڵوگۆڕانە زۆربەی کات تەنانەت میزانسن و دەقی شانۆییەکەشی دەگرتەوە. لەبیرمە کە لەیەکەمین شەوەکانی نواندندا، ئەکتەرەکان کورتە تیبینی برێخت یان لەسەر مێزی ژووری خۆگۆڕیندا دەدۆزییەوە، لەم تێبینییانەدا وێڕای ئارەزووی سەرکەوتن لە نواندنەکەدا داوای لێدەکردن کە بۆ نموونە لە فلانە دیمەندا لەجێی ئەو ڕستەیەی کە برێخت بڕیاری گۆڕینی دابوو لەڕستەی تازە سوود وەربگرن، لەبەر ئەوەی کاردانەوەی بینەران لە ژەنەراڵ پرۆڤەدا بەجلوبەرگەوە ئەوی نیشانداوە کە ڕستەی شانۆییەکە ئەو کاراییەی کە برێخت ویستوویەتی نەیبووە.

دوای ژەنەراڵ پرۆڤە بە جلو بەرگەوە برێخت هەمیشە پرۆڤەیەکی دەهینایەکایەوە کە بە پرۆڤەی هێڵ کێشی یان هێما دانان ناوی دەبرد: دەبوو ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ، بەبێ جلوبەرگی نواندن، گشت جوڵانەوەی شانۆییەکەیان بە خێرایی لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئەنجامدەن و دەقەکە بەخێرایی دەربڕن؛ بەبێ هەوڵ لە ڕۆڵگێڕاندا، بەڵام بە پاراستنی کێش و وەستانەکان وهی‌تر. ئەگەر کەسێك لەو سەری هۆڵەکەدا بووایە، ئەم پرۆڤەیەی وەك فیلمە بێدەنگەکان دەبینی؛ دەیبینی کە کەسەکان

بەخێرایی دەجووڵێنەوە و باری جۆراو جۆری جەستەیی لەخۆیان نیشان دەدەن، بەڵام نەیدەتوانی ووشەکان ببیستێ و یان هیچ جۆرە هەستێك بێجگە لە هەستە ئاشکراکان ببینێ. ئەم پرۆڤەیە کاراییەکی زۆر بەسوودی هەبوو؛ دەبووە هۆی ئاسوودەیی و ئازادی ئەکتەر. کۆمەکی پێدەکرد کە هەر ووردەکارییەکی فیزیکی لەبیر بێت و باشتر چۆنیەتی کێشی نواندنەکە بەدەست بهێنێت.

سەرئەنجام شەوی یەکەمی نواندنەکە – کە لەڕاستیدا پێش نواندنێکی(Preview) بوو بە ئامادە بوونی بینەران– کاتی دەهات. پاش ئەوە پرۆڤە دەکرا تاوەکو ئاڵوگۆڕ لەسەر بنەمای کاردانەوەی بینەران لە شانۆییەکەدا بکرێت.دوای پێنج تا هەشت پێش نواندنی شانۆییەکە بە ئامادەبوونی نوێنەری ڕۆژنامەو بڵاوکراوە و میوانەکان لەشەوی یەکەمدا، نواندنی ڕەسمی خۆی دەستپێدەکرد. برێخت، بەپێی ئەزموونەکانی خۆی لە ئەمریکا و بریتانیا ئەم پێش نواندنەی لە شانۆی ئاڵماندا کردە باو. سەرەتا ڕەخنەگرانی ئاڵمانی بەتوندی دژی ئەم کارە بوون، بەڵام ئێستاکە شانۆکانیتریش شێوەی برێخت دەگرنەبەر. دوای دەستپێکردنی ڕەسمی نواندنەکانیش کارکردن لەسەر شانۆییەکە نەدەوەستا. دەرهێنەر یان یەکێك لە یارمەتیدەرانی وی شەوانە نواندنەکەیان سەیردەکرد و هەرکات کە ئاڵوگۆڕ یان دووبارە کارکردنەوەیان لەسەر بەشێك پێویست بزانرایە، دەستیان بە پرۆڤە دەکرد.

ئەم هەمووە لەوانەیە ڕۆژێکی پڕ زەحمەت و هیلاکی بێتە بەرچاو، کە تاوەکو ڕادەیەك هەرواش بوو. بەڵام هەموو شتێك لە کەشێکی خۆش و ئاسوودە و ئازاددا بۆ ئەزموونکردن بەرپا دەکرا. ئەکتەرەکان (دەرهێنەرانێك) کە تازەکی هاتبوونە بێرلینەر ئێنزێمبل بەزۆری فرە تووڕەو شڵەژابوون و هەوڵیان دەدا کە دەستبەجێ ئەنجامێك بەدەست بێنن، بەوجۆرەی کە گەر تەنیا چەند هەفتەیەك هەلی پرۆڤەکردن هەیە دەبێت وابێت. بەڵام برێخت پێی دەگووتن: هەمیشە دەبێت بەگومانەوە تەماشای ئەنجامی پەلە بکرێت. یەکەمین ڕێگەچارە بەزۆری ڕێگەچارەیەکی باش نییە. بیرکردنەوەی پێویست لەبارەیانەوە بەکارنەهێنراوە. سروشتی ڕێنوێنیگەرێکی گوماناوییە،

بەتایبەت بۆ دەرهێنەر.

بەبڕوای برێخت نیگارکێشی گرنگی‌یەکی زۆری هەبوو. وی شێوەکانی بەکارهێنانی نیگارکێشی لەگەڵ هاوەڵەکەی «کاسپێر نێهەر» (Kasper Neher) باسکردبوو لەگەڵ وی دا دەسکەوتێکی نوێیان بەدەستهێنا بوو. کاتێك کە نێهەر لێپرسراوەتی نیگارکێشی شانۆیی برێختی لە ئەستۆ دەگرت، سەرەتا بەهێلکاری‌یە چکۆلەکان دەستی پێدەکرد کە شوێنە گرنگەکانی بەسەرهاتەکەیان نیشان دەدا. هەندێك جار وی تەواوی بەسەرهاتەکەی لەشێوەی کارکاتۆری ڕوونکراوە دەکێشا. وی لەکەسایەتی‌یەکانەوە دەستی پێدەکردو وانی بەپێی شوێنی تایبەتیان دەکێشا، بەم شێوەیە میزانسنی وینەکێشی دەکرد، کاتێك کە ئەو و برێخت نیگار کێشییەکانیان پەسەندکردایە دەستبەکاری کێشانی دیمەنەکان دەبوون. بۆ برێختو، بۆ نێهەریش کاتی کارکردنی لەگەڵ برێختدا، هەروەها بۆ «ئۆتۆ» (Otto) و «ڤۆن ئاپێن» (von Apen) لە دەهەی پەنجادا لەگەڵ برێختدا کاریان دەکرد، دیکۆر کەشێك بوو کە لەوێدا ئەکتەر بەسەرهاتێکی تایبەتیان بۆ بینەران دەگێڕایەوە. یەکەمین هەنگاو ئەوە بوو کە کەش و کەرەستە بینایی‌یە پێویستەکانی ئەکتەر بخرێنە بەردەستی؛ هەنگاوی دواتر ئەوەبوو کە دیکۆرە داهێنراوەکە خۆی بەڕادەی پێویست بەسەرهاتی شانۆیی‌یەکە و ناکۆکی‌یەکانی ناخی، سەردەمی مێژوویی، پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و هی‌تر بگەیێنێتە بینەر. دوا هەنگاو ئەوە بوو کە بەجوانی بیەێننەدی.

درێژەی هەیە

# (( زمانی خاراو، هونەری پاراو ))

**ئاپـە**

زمـان ئـامرازی دەربڕیـنو پـەیوەندی گرتـنی کۆمەڵایەتی‌یـەو، پێداویسـتی ژیـان داهێنەریەتی.

ئەو کاتەی کەمرۆڤ لەسەر ڕاوی ئاژەڵو پەلەوەرو بەروبومی درەختە خورسکەکان دەژیـاو ئەشـکەوتەکان سـەرپەنای بـوونو پیسـتەی ئـاژەڵی دەپۆشـی، ئامرازەکـانی دەربڕینو پەیوەندی گرتنی بزواندنـی دەسـتو پێو هێماکێشـانو لاسـایی کردنـەوەی دەنگی دەوروبەری خۆی بوون. لەگەڵ هـەر دیتنـەوەو داهێنـانێك دەنگێـكو هێمایـەك داهێـنرا، لەگـەڵ بەجێهێشـتنو گۆڕانـی شـتێك دەنگێـك هێمایـەك ووشـەیەك فڕێـدراو واتایەکی نوێ، دەربڕینێکی نوێ جێگەی گرتەوە.

ژیـان گەشـەی کـردو مـرۆڤ پـەی بەشـتگەلی تـازەو شـوێنی تـازە دۆزراوەو ئـاگرو کشتوکاڵو پیشەسازی و تـەکنۆلوژی برد، هـەر بەو ڕادەیـەش پێویستی بەژمارەیـەکی زۆرتـرو بەماناتر لـە واژەی نـوێ هـەبوو. گـەر لەسـەرەتای ژیـاندا بتووتایـە کۆمپیوتـەر، لەولنەیـە دەسـت بـەجێ مرۆڤەکان کرنووشـیان بردایـەو وایانزانیایە خوایەکی نوێیـە، وەك خوا تووڕەکانی تۆفانو بۆمەلەرزەو سێڵاو هی‌تر هەروا ئەمرۆش بە لاویك بڵێـی جاشـکەوش وا دەزانێـت باسـی دیوەزمـەو شـەولەبانو.. بـۆ دەکـەی. ئـەم واقیيەتـە ئـەوەمان نیشـان دەدات، کە زمانـەکان بە کـەوچك دابەشـکراوی خـوا نـینو پـێ بـەپێی ئاڵوگۆڕەکـان زمـان گۆڕانـی بەسـەردا دێـت؛ واژە سـواو بێکەڵکـەکان لـەبیر دەکرێـنو واژەی گونجـاو لـەبار لەگـەڵ پێداویسـتی‌یەکانی ژیـانی ئـەمڕۆی مرۆڤـی سـەردەمدا دێنـەگۆڕێ، کەئەمـەش خـۆی لـەخۆیدا وەڵام دانەوەیـە بـەو داخوازیانـەی کـە گەشـەو داهێنانەکانی ڕۆژانە دەیخەنە بەر دەممان.

کەواتـە گەشـەو داهێنـان لـەزماندا پەیوەسـتە بـە گەشـەی بـوارە جۆراوجۆرەکـانی ئابووریو سیاسی‌وکۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤەکان، کە ڕاستەوخۆ لە ئاستی ڕۆشنبیریو

فەرهەنگیدا دەردەکەوێتو، پەیوەستە بەئاستی هوشیاریو ڕۆشنبیرییەوە، کە ئەمیش خۆی لەخۆیدا پاپەندی گەشەی ئابووریو ئاڵو گۆڕە کۆمەڵایە تییەکانە بەمانا ئابورییەکەی.

بازاری هاوبەش زمانی هاوبەش دروست دەکاتو، بەو پێیەش پەیوەندیو بەرژەوەندی هاوبەش زمانی هاوبەش دروست دەکات. بەشێوەیەکی گشتی زمان لەگۆڕاندایەو بەبەردەوامی واژەی کۆن دەنرێنە لاوەو واژەی نوێ جێگەیان دەگرنەوە، ئەمەش پێویستی بە دەست پێشخەری شارەزایانی بواری زمانو نووسەران هەیە بۆئەوەی زمان ڕزگار بکەن لەڕێگرەکانی بەردەم گەشەو بژار بکرێت لەگیاکەڵەی واژە نەزۆکو سەردەم بەسەرچووەکان؛ بۆئەوەی بەپێی گەشەو وەڵامدانەوە بە چۆنیەتی پەیوەندی گرتنی مرۆڤەکان چ لەسەر ئاستی ناوچەییو چ لەسەر ئاستی جیهانی گەشە بکات.

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانە زیندووانەی کە ژمارەیەکی زۆر پێی دەدوێنو لەژیانی ڕۆژانەیاندا بۆ پەیوەندی گرتنو لەیەك گەیشتن بەکاری دەهێنن. بەڵام بەپێی بارودۆخو ڕادەی گەشەی بوارەکانی ژیانو سەرخانێك کە لەو ناوچەدا بەرقەرارە بەپێی پێویستو وەڵامدانەوە بە ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوانەکە گەشەی نەکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١ جۆری ڕێنووسی باو.

٢ نەبوونی شێوە ئاخاوتنێکی هاوبەش سەرەکیو سەرتاسەری.

٣ بەدەربەست نەبوونی زمانەوانو نووسەرانی نێوگۆڕەپان.

خاڵی یەکەم: ئەو ڕێنووسو پیتانەی بەکار هاتوون، کەبریتین لەڕێنووسی عەرەبی، کە بەپێی جیاوازی دەنگو پیتەکان لەزمانی کوردیو عەرەبیدا. لەبەر ئەوەی کەزمانی کوردی چ وەك فۆنۆتیكو چ وەك دەنگو هێماو دەربڕین لە بنەماڵەی زمانەکانی هیندو

ئەورووپییەو، زمانی عەرەبی جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ئەم خێزانە زمانییەدا، هەرئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر واژەی نوێو جیهانگر کە لەڕێگەی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، بەشێوەیەکی هەڵە بەکار دەبرێن، لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی دارای ئەو فۆنۆتیکو دەنگو هێمایە نییە، بەڵام لەزمانی کوردیدا دەقاودەق هەیەو بەتایبەت گەر ڕێنووسی لاتینی بەکار ببەین. ئەمەش تەنیا گرفتی زمانی کوردی نییە، بەڵکو زمانی پارسیش گیرۆدەیەتی تا ڕادەی ئەوەی هێمایان بۆ هەندێك دەنگ نییە کە لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەبەن. دیسانەوە تەنیا وەڵامەدەرەوە هەربەکارهێنانی ڕێنووسی لاتاینە. لەلایەکیترەوە لەبواری زانستو فێربوونی خێراو ڕاهاتن لەگەڵ سەرەتایەکی ئاشنایی لەگەڵ زمانە جیهانگرەکاندا. بۆ نموونە گەر هەرکەسێکی چەند پۆل خوێندووی ئەو وڵاتانەی کە بەڕێنووسی لاتاین دەنووسن، رستەیەك لە ئینگلیزی بخەیتە بەردەمی گەر کەمێك لێی نەگات ئەوا ۸۰٪ی دەتوانێت بەهۆی ناسینی پیتەکانەوە بخوێنێتەوە. هەروەها لەڕووی کاراییو پێداویستیو سەرچاوەییەوە لەمێژە زمانی عەرەبی ئامرازو سەرچاوەیەکی گەیاندنی زانست نییە. بەڵکو ئەوە زمانە هیندوو ئەورووپییەکانن کاراییان تەنانەت لەسەر زانی عەرەبی هەیە.

بەکورتی پێویستە زمانەوانو نووسەرانی پێشکەوتنخواز ئاوڕ لەم ڕاستییە بدەنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی دروستوهاوچەرخانە، پێ بەپێی ئەودیاردانەی کە بەشیوەیەکی گشتی لەم سەردەمەدا سەریان هەڵداوە، لەوانە دەربڕینی کورت، پوخت وخاراییو پاراوی زمان.

خاڵی دووەم : کاتێك زمان دەوڵەمەند دەبێت کە بتوانێت لەنێو ئەو دانیشتوانەدا کە بەیەکێ لە شێوە ئاخاوتنەکانی دەدوێن هاوبەش بێت، کەئەمەش بەمانای تەواوکەر بوونی یەکدی زاراوەکان؛ بەواتەیەکیتر گەر لەم زاراوەی کە جێگەی زمانی یەك گرتووی گرتۆتەوە، واژەیەك نەبوو ئیتر بەهەر هۆیەك بێت، ئەوا پێویستە واژە لە

زاراوەکانی‌تر بەکاربهێنرێت. بەم شێوەیە بەکارهێنەرانی زاراوە جیاوازەکان لەڕووی هوشیاری‌و فەرەنگی‌یەوە لێکەوە نزیك دەبنەوە.

خاڵی سێیەم : ئەوەی کە تائێستاکە زمانەوانو نووسەران دەرکیان نەکردووەو دەقیان پێوە گرتووە، ئەوەیە کە نەیان توانیوە بەگیانی هاوچەرخی‌و بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی زمان لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بدوێنو لەگەڵ ئەو توێژە پێشڕەوانە پەیوەست بنو لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژوودا ڕێ بکەن. بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوان هێشتا خەریکی جوینەوەی واژە هەڵبزرکاوەکان بوون.

ئەوەی تا ئێستا باسمانکرد بەشێوەیەکی گشتی لایەنی هاوبەشی زمان بوو لەنێوان گشت چینو توێژەکانی کۆمەڵگەدا، بەلام ئەم چینو توێژانە لەژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا خاوەنی چەمکی جیاوازو دەربڕینو ڕوانگەی جیاوازن بەرامبەر خودی خۆیانو دەوروبەریانو، دیاردە سروشتی‌و دەستکردەکان.

پرۆلیتاریا وەك چینێکی جیهانی‌و هاوبەش لەگشت نەتەوەکاندا، هەرواش خاوەنی گشت زمانە زیندووەکانی جیهانەو گەشەدانو پەرەپێدانی زمانەکان بەپێی جیهانبینی‌و چۆنیەتی بیرکردنەوەو دەربڕینو مانادارکردنی شتەکان ئەرکی سەرشانی‌یەتی. ئەم ئەرکە بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی نووسەرانوشارەزایانەوەو لێپرسراوەتی مێژوویی‌یان لەسەرە.

پێشتر باسمانکرد کە بازاری هاوبەشو پەیوەندی‌یە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌یەکان، زمانی هاوبەش دێننە ئاراوە، لەئاستی ناوچەیەکو لەنێوان زاراوەکانی ئەوناوچە یەك زمانەدا، هەرواش لەسەر ئاستی جیهانی‌و لەنێوان زمانە جۆراوجۆرەکانی دونیادا ئەم گۆڕانە بەردەوامە. ئەمەش دیاردەیەکی تازە نی‌یەو بەپێی پیداویستی‌یەکانی ژیان بەدرێژایی مێژوو هاتۆتە ئاراوەو هیچ لەمپەرێك نەیتوانیوە ببێتە ڕێگر لەپەرەسەندنی‌دا هەروەك چۆن پەرەسەندنی ژیان ڕەوتێکی بێگەڕانەوە بووە.

زمان بەشێكو كۆڵەكەی فەرهەنگە، فەرهەنگیش بەشێك لەسەرخانی زاڵی كۆمەڵگە، هەرواش سەرخان پابەندی ژێرخان. لەسایەی فەرهەنگە زاڵەكاندا كارلێكردنو ووشە گۆڕكێی زمانەكان بەهۆی هاتنە ئارای پەیوەندییەكی بەردەوامەوە زۆربەرچاوە، بۆنموونە لەسایەی فەرهەنگی زەدوشتیدا، یان لەسایەی فەرهەنگی ئیسلامیو بوداییو مەسیحیدا. تەنانەت گەشتوگوزاریش هۆكارێكی بەهێزبوون. بەم پێیە دەگەینە ئەو باوەڕە كە لەداهاتوودا زمانێكی هاوبەش لەجیهاندا دروست دەبێت، دیاردەكانی وەها زمانێك هەرلەئێستاوە دەركەوتوون، بۆ نموونە جیهانگیری زمانی ئینگلیزی بەهۆی زاڵبوونو بەربلاوی، پەیوەندە بازرگانییەكانو وابەستەی ئابووریو تەكنۆلۆژی وولاتانیتر بە وولاتانێكەوە كە بەئینگلیزی دەپەیڤن.

ئەم دیاردەیەش لەئاستی جیهانیدا كارو كاردانەوەی هەبووە لەنێوان زمانەكانو لەناو گشت نەتەوەكاندا، بەچەندین شێوە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا لەكۆنو ئێستاشدا مامەڵەی لەگەڵدا كراوە. لەوانە :

١ بژاری زمان لەواژە بێگانەكان. ٢ بژاری زمان لە گیاكەڵەی واژە كۆنو سواوەكان.

درێژەی هەیە..

## كۆمەكی هاوڕێیان

ئاڵمان: بریار علی١٠مارك +٢٠ مارك بەشداری ساڵانە

شەمێ سەڵواتی(١٠٠)مارك

نور عەبدولقادر (٢٠) مارك

وریا ئەحمەدی (١٥) مارك

بریتانیا: جاسم هەورامی (٥)پۆند

زاهیر باهیر (٥) پۆند

سوید : حەمەسەعید حەسەن (٥٠) ماركی فینلەند

# خاتە سوور و حەمەتاڵ

**پلە خاتوون، گەر بۆ جیابوونەوەی کوردستان یان مانەوەی بەوجۆرە ڕیفراندۆم بکرێت، دەنگ بەکێ دەدەی؟**
**عەلە زۆربلێ**

**خاتەسوور**: کوڕم بڕوابکە، خاوەن خانووەکە هەر ڕۆژەی بیانوویەکی پێدەگرتین، پێشتر (أمن) و دواتریش ئاسایش و نامەی دادگەی دەکردینەسەر، ئەو کۆلیتەی لە خانووەکانی ئاسایش کۆن هەڵمانچنی بوو ڕماندیان بەسەرماندا، گەر دەنگی من بخوات دەنگ بەوە دەدەم کە هەمووان سەرپەنایان هەبێت.

**خارە حەمە، بیستم ئۆچەلان داوای چەك فڕێدانی لە گەریلاکانی کردووە. تۆ بڵێی ڕۆحی نەتەوەیی کورد، وەك خومەینی ناچار بە نۆشینی جامە شەرابەکە بوو بێت ؟!**

**حەمەتاڵ** :

دیسان سەد بارە وا ئاشبەتاڵە
شەڕی دوو دژە کارگەر تاسەر مەحاڵە
ئاشتی نۆشینە بەتەنەکەو بەپیاڵە
گوێگرتن بەسە لەو قەوانە بەتاڵە
خوێنی گەریلا لە دوژمن حەڵاڵە
گەر لەسەر ماف بکەن دەمەقاڵە

**هاوڕێ خاتوون، کوردەکان زۆر دڵخۆشن، بەخۆشحاڵی ئەمریکا بە چەك فڕێدانو، داوای لەتورکیاش کردووە ئەم هەلە زێڕینە لەدەست نەدات !**

**خاتەسوور**:

ئای لە چەکداری، ئای لە چەکداری
کافر هەتاکەی هەرخاکەساری
چواردە ساڵ لەشاخ هەروا ڕەتاندم

ئاخر گەڕامەوە بـۆ جێ ژووانـــــم
ئیتر با بەس بێت تەقــە لێکـــردن
با کەم تاوانباربین بە تیرۆرکـــردن
بەمجۆرە تاسەر بۆمــان نالــــــوێت
کارگەرو زەحمەتکێش لەخشتەبردن.

**هاوڕێ حەمەتاڵ، دەزگاکــانی ڕاگـەیاندن ڕایانگـەیاند کـە ( سـەرۆکی نەتـەوەیی کـورد پەشـیمانی دەربڕیوە ).**

**حەمەتاڵ:**

هەڵە بووم هەڵە بووم
ڕۆژانی چەپیو پارتیــزانی
هەڵەبوو هەڵگرتنی دروشمی
یان کوردستانی.
تۆبە بێ تۆبە بێ
هەتاکو مردن
ببمە قـازی ئاشتی خوازیو
لە زەڵکاوی خیانەتا مەڵەکردن
هـەڵـەبـــــووی هـەڵـەبــــــووی
ئەی شـۆخـە کیژی دیموکراسـی
من عاشقت بووم تەواو بەڕاســـی
بێڕەحم بـــــووی منت نەکرد ڕازی
وەرت نەگرتم لە زانکوی سەربازی
هەڵەبووین هەڵەبووین

ئەو ڕۆژانەی بەگژی میرییا چووین
هەڵە بووین هەڵەبووین
سۆفی تەریقەت و خەلیفەی کەمالی
نەبووین
هەڵەبووین بەگژی تۆفان و ڕەشەبادا
چووین.
هەلە بووین بەخودای هەلەبووین

**پلە خاتوون، ئا پۆ لۆمەی پێشینانی خۆی دەکرد، کەچە واخۆشی بۆ سەرۆك شارەوانییەك وازدێنیٚ؟**

**خاتەسوور:**

بێنۆ بێنۆ بێنۆ
با ئاشبەحاڵیٚ کەیینۆ
ئەریٚ وەك جاری جاران
ڕووبکەینە کۆنە کۆنەیاران
ماچ کەینۆ کۆنە یاران

# خشتەك

تێبینی: لەپڕكردنەوەی ئەم خشتەكەدا هەموو بنەمایەكی ڕێزمانی كوردی لەبەرچاو گیراوە، بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆڤارە تەنیا نیشانەی"ˇ"ی پیتەكانی(ڕ،ۆ،ێ)نەبێت، كە بەشێوەی(ر،و،ی) نووسراون .

## ئاسۆیی ☜

١- ئەگەر (پێچەوانە) ناوی گیایەك .
٢-وەرگرە تەكبیركەر .
٣-بێدەنگ ماڵی چەرچی .
٤-دووپاتی پیتێك یارۆ .
٥-پرد (پ) هاتەران (بەت)ی سەرلێشێواو .
٦-دوگمە، پشكۆژ .
٧-شارێكی یابانی كە ئیمپریالیزم بە ئەتۆم وێرانی كرد-ناوی میوەیەك(پ).
٨-یەكسمی خۆشرۆیی (پ) .
٩-ئامرازی پرسیار ژنە نووسەری بەنگلادیشی خاوەنی ڕۆمانی شەرمەزاری كە لە ساڵی ١٩٩٤ كەلەلایەن ئیسلامیەكانەوە فتوای كوشتنی درا.
١٠-ولایەتێكی ئەمریكی .
١١- بەهرەی كشتوكاڵ ئامرازی پرسین جۆرە فرۆكەیەك .
١٢- سۆنگە دەنگی نەفەسی شەكەت و لەش بەبار .
١٤- ناوی ڤیتامینێك شكانی شتی ناسك گیایەك .
١٥-بێبەر (پ) شتێكە خەیاڵی و ترسێنەر (پ) .

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئـ | ه | ل | ك | س | ا | ن | د | ر | پ | و | ش | ك | ی | ن |
| ٢ | | ا | | ه | و | م | ا | ی | ی | | | | ه | ا | ی |
| ٣ | | ش | | پ | ر | | و | ه | ن | گ | ه | | چ | | ك |
| ٤ | | | | | | | ی | ن | ا | | | | ی | | و |
| ٥ | ن | ه | و | ه | د | | ن | ی | ل | | ل | ی | چ | | ل |
| ٦ | | ر | | | ه | | | | د | | | | | | ا |
| ٧ | خ | ه | س | ر | ه | و | ی | گ | و | ل | س | و | ر | خ | ی |
| ٨ | ا | | | م | و | | ا | م | ر | | ه | ل | چ | ی | چ |
| ٩ | ش | ر | | و | ل | | ر | ی | و | | ر | و | ی | د | ا |
| ١٠ | ی | | | | د | | ی | | ن | | د | ل | ن | ه | و |
| ١١ | ل | ا | ت | ی | ر | | د | و | ا | | ا | | | | ش |
| ١٢ | | ر | ا | ر | ا | | ه | | ل | | ر | | م | ه | ی |
| ١٣ | | ی | ر | و | ی | | د | | د | ی | ع | | ر | ی | س |
| ١٤ | | | | | | | ه | | | | ی | | | | ك |
| ١٥ | ك | و | ی | س | ك | ا | ر | س | ك | ا | ل | ی | ا | ر | و |

پڕكراوەی خشتەكی ژمارە (٣)

## ستونی

١-شارێکی کیمیا باران کراوی کوردستان ئامرازی پرسیار شنەی با.

٢- دووپاتی پیتێك پێسیر، بەرۆك (پ) .

٣- ئاخ و داخ خەست (پ).

٤- زەمەندو دارستانی چوغور ورنگە ورنگ .

٥- شاسەی دوابراو تکا .

٦- ڕیخۆڵۆکە (پ) دانەوێلەیەك .

٧- پاژنەی باڵدار پیتی بانگ کردن .

٨- دژی بۆرژوام زبر (پ) .

٩- دڵبەر تەختەو دەپێکەژن گونتکی لەسەر پان دەکەنەوە(پ).

١٠- -باو بلوێر.

١١- گیژ (پ).

١٢- ( ژیو ی سەرلێشێواو (مارس ی سەربراو (پ) .

١٣- داهاتنی لك کەسێك کە هیچ شك نەبا ڕێگە .

١٤- ڕەبەت خەلکی کوبا (پ).

١٥-داهات (پ) نوزە نوز داهات (پ).

| ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ن | ی | ك | ش | و | پ | ر | د | ن | ا | س | ك | ل | ه | ئـ | ١ |
| ی | ا | ه | | | | ی | ی | ا | م | و | ه | | ا | | ٢ |
| ك | | چ | | ه | گ | ن | ه | و | | ر | پ | | ش | | ٣ |
| و | | ی | | | | ا | ن | ی | | | | | | | ٤ |
| ل | | چ | ی | ل | | ل | ی | ن | | د | ه | و | ه | ن | ٥ |
| ا | | | | | | د | | | | ه | | | ر | | ٦ |
| ی | خ | ر | و | س | ل | و | گ | ی | و | ه | ر | س | ه | خ | ٧ |
| چ | ی | چ | ل | ه | | ر | م | ا | | و | م | | | ا | ٨ |
| ا | د | ی | و | ر | | و | ی | ر | | ل | و | | ر | ش | ٩ |
| و | ه | ن | ل | د | | ن | | ی | | د | | | | ی | ١٠ |
| ش | | | | ا | | ا | و | د | | ر | ی | ت | ا | ل | ١١ |
| ی | ه | م | | ر | | ل | | ه | | ا | ر | ا | ر | | ١٢ |
| س | ی | ر | | ع | ی | د | | د | | ی | و | ر | ی | | ١٣ |
| ك | | | | ی | | | | ه | | | | | | | ١٤ |
| و | ر | ا | ی | ل | ا | ك | س | ر | ا | ك | س | ی | و | ك | ١٥ |

پڕکراوەی خشتەکی ژمارە (٢)